کلارینێت: ئەمین ڕەحیمی، هێمن سەلیمی و میعاد عەزیمی
فاگۆت: بێهزاد هیمەتیار
هۆرن: فەخرەدین موئمینە
ئامێرە زەربییەکان: فوئاد مەحمودی
پێرکاشێن: ئومید لەتیفی

گۆرانییێژەکان: مورتەزا کەرەمی، کامیل عەبدی، هووشەنگ شگێرف، هیوا رەحمانی و بێهرووز باباخانی.
سەرچاوە: مەنسوور جیهانی - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | هونەری |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 17

## ئۆرکێسترای سەمفۆنی رانیە

http://www.kurdipedia.org/?q=2011020712380133167



له(2010/8/26) دامەزراوە و دوای ئەوەی یەکەمین کۆنسێرتی خۆی لەڕانیە و سلێمانی پێشکەشکرد و هەمان کۆنسێرتی ئۆرکێسترای سەمفۆنی رانیەی لەهەولێر پێشکەشکرد، بڕیاریشە ئەم گروپە وەک ئۆرکێسترایەکی گەورەی کوردستان لەڕانیە، چالاکیە میوزیکییەکانی سەمفۆنیا پێشکەشبکات .
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | موزیک |
| شارەکان: | رانیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 18

## ئۆرکێسترای منداڵانی سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=201009021206209321



کۆمەڵەیەکی سەربەخۆی پەروەردەکردنی منداڵانن، لەرۆژی 2007/8/26 دامەزراوە و لەسێ بەش پێکهاتووە: رادیۆی منداڵان، رادیۆی موزیک، تیپی موزیکی باران .
سەرچاوە: ماڵپەڕی نم نم

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: هونەری

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 19

## ئیمێرجنسیی ئیتاڵی

http://www.kurdipedia.org/?q=200901231611511093

ئەم رێکخراوە لە ساڵی 1992 لە ئیتاڵیا دامەزراوە و لە ساڵی 1995ەوە لە کوردستان کاردەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 20

## ئینسیاتیڤی کورد لەسوید

http://www.kurdipedia.org/?q=201101200939053285
7




ÎKS

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: کلتووری

وڵات: دەرەوە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 21

## ژێم ئەی جیMAG

http://www.kurdipedia.org/?q=200901271417441187

رێکخراوێکی بەریتانییە لە ساڵی 1990 دا دامەزراوە بۆ دەرهێنانەوەی مین و لقی لە (35) وڵاتی

جیهاندا هەیە، لە ساڵی 1992 ەوە چالاکییەکانی لە کوردستان دەستپێکردووە و لقی لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک هەیە و تیمی لە کەرکوک و موسڵیش هەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: مەدەنی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 22

## ئێمە کوردین

http://www.kurdipedia.org/?q=20111208080639631 54

تاکە رێکخراوە لەئیتاڵیا کاردەکات بۆ زیاتر ناساندنی کەلتوور و فەرهەنگی کورد بەخەڵکی ئیتاڵی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: کلتووری

وڵات: دەرەوە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 23

## ئەرگەنەکۆن

http://www.kurdipedia.org/?q=20100908140905944 3




لەناو زمانی تورکیدا مانایەکی تایبەتی نییە و بە رای مێژوونووسە تورکەکان ناوی سەرزەمینێکی ئەفسانەیی تورکەکانە لە ئاسیای ناوەڕاست، بەڵام هەندێ لە مێژوونووسانی رووس دەڵێن، ئەرگەنەکۆن بە مانای داوێنەچیایەکی تیژە و ئەفسانەیەکە لە چەشنی هەموو ئەفسانانەکانی تری میللەتان کە بۆ بوونی خۆیان درووستیان کردووە، واتەچیرۆکێکە کە باسی درووستبوونی میللەتی تورک دەکات.
وەکو "گلگامێش" و "کاوەی ئاسنگەر" و"شانامە" و....
ساڵی 1996 چەند بەڵگەی نهێنیی ئەو گرووپە ئاشکرا بوو کە کۆمەڵێک نووسەر و کەسایەتی دیموکراتیخواز لەلایەن گرووپێکی نادیارەوە کوژراون پاش ئەو رووداوە کە بە ناوی (سوسورلوک) ناسرا، رۆژنامەنووش (جان دوندار) لە پرۆگرامێکی راستەوخۆی تەلەڤزیونیدا ناوی ئەرگەنەکۆنی ئاشکرا کرد.
بۆچوونێکی تری دۆکۆمێنتی هەیە کە باس لەوە دەکات ئەرگەنەکۆن ئەفسانەیەکی کۆنی چینیە و بە پێی ئەو ئەفسانەیە تورک لە گورگ دروست بووە و بە پێی گێرانەوەی تورکەکان، کچە پاشایەک مێردی بە گورگێک کردووە و بەرهەمەکەیان ناو ناوە تورک. یان بە واتایەکی تر دوای یەکەم شەڕەکانی نێوان تورک و نەتەوەکانیتر تورکەکان شکستیان خوواردوە و خۆیان لە شوێنێکی

دوور لە چیاکاندا شاردوەتەوە و ئەو شوێنەش ناوی ئەرگەنەکۆن بووە.
کاری ئەگەنەکۆن پاکتاوکردنی ئەو کەسانە بوو کە دژی سیستەمی کەمالیزم بوون، بە تایبەت نەتەوەکانی تر لە تورکیا.ئەرگەنەکۆن رێکخراوی "گلادیۆ"ی تورکیایە کە لە ساڵی 1949 دا بووەتە ئەندامی پەیمانی ئەتلانتێکی باکوور (ناتۆ) ولە دەستپێکی ساڵانی شەستەکاندا وڵاتانی رۆژئاوا بڕیاریاندا رێکخراوی شاراوە لە هەموو ئەو وڵاتانەدا دابمەزرینن کە لە ژێر سێبەری ناتۆدان، ئەو رێکخراوانە لەڵایەن ئەمریکاوە یارمەتی ماڵی و لوجێستیکیان وەردەگرت و زۆربەی سەرکردەکانیان لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئەمریکاوە پەروەردە دەکران. پاش نەوەدەکان و رووخانی یەکێتی سۆڤیەت، رێکخراوی "کۆنتراگەریلا" یان "گلادیۆ"کان ئەندامیەتی خۆیان لە تەواویی وڵاتانی ناتۆدا هەڵوەشاندەوە، بەڵام تورکەکان رێکخراوەکەی خۆیان هێشتەوە، بە شێوەیەک کە ئەرگەنەکۆن دەرفەتی ئەوەی پەیدا کرد لە سەرانسەری تورکیادا ئەندامی ببێت.
لە سەردەمی شەڕی ساردی نێوان بەرەی رۆژئاوا و بەرەی کمونیست دا، (ناتۆ) هێزێکی نەهێنی توریستیی لە وڵاتی ئیتالیادا دروست کرد کە وەک ئەرتەشێکی نادیار ئەرکی پێ سپێردرا و راستەوخۆ لە ژێر فەرمانی دوو رێکخراوەی جاسووسی (سی. ئەی. ئای)ی ئە مریکایی و (ئێم. ئای 69)ی ئینگلیسی دا بوون. بەرپرسی رێکخراوەی (گلادیۆ(Gladio ، )جۆرج کەنەدی یانگ) دانیشتووی ئیتالیا بوو. (کەنەدی یانگ) لە 28ی گەلاوێژی ساڵی 1332ی هەتاویدا، گەڵاڵەی کۆدەتای دژ بە حکومەتی دوکتور (محەمەد موسەدیق) سەرۆک وەزیرانی ئێرانی کرد، لە ئەنجامی ئەو کودەتایە شای ئێران گەڕایەوە سەر حوکم و دەستی کرد بە کوشتاری خەڵک.
رێکخراوەی (گلادیۆ) واتە ئەرگەنەکۆن لە هەموو وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا و لە تورکییە و ئێراندا ئەرکی کۆمەڵکوژی و تێرۆری چلاکوانانی سۆسیالیست و کمونیست و ئازادیخوازەکانی بەڕێوە دەبرد. ئەرگەنەکۆن لە نێوان ساڵانی (1980 1960) دا، دەیان کردەوەی تیرۆریستیی بەڕێوە برد، پۆلیسی تورکییە دەربارەی یەکێک لە سەرکردەکان بە ناوی (تونجای گونای) رایگەیاند، کە ساڵی 2001 لە تێرۆری نووسەری رۆژنامەی کۆماری، واتە(ئوغور موجۆ)، کوژرانی سەرۆکی ئەرکانی ئەڕتەش و فەرماندەی هێزەکانی ژاندەرم(ئەشرەف بەتلیسی) لە خوڵقانی کارەساتێکی هەوایی و کوژرانی مایۆرێکی نیزامی(1990) دا، هاوکاری سەرۆکی ئەرکانی ئەڕتەش(وەلی کوچەک) کردووە لە رێکخراوی ئەرگەنەکۆن دا.
دوای کۆتایی شەڕی سارد، لە تورکیا (ئەرگەنەکۆن)جێگای(گلادیۆ)ی گرتەوە. بەڵام ماهییەتی شتەکەیان نەگۆڕی و ئەرگەنەکۆن وەک درێژەپێدەری پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سیاسی ئابوری نیزامیی ئەمریکا، ئیسرایل و حکومەتی ژەنەڕاڵە فاشیستەکان، جێگای (گڵادیۆ)ی پڕ کردەوە.
زۆربەی سەرکردەکانی ئەو رێکخراوەیە ئەفسەرە خانەنشینەکانن، بەڵام نووسەر، دکتۆر، ئەندازیار و بازرگانیشی تێدایە، لە دوای نەوەدەکانەوە ئەرگەنەکۆن راستەوخۆ لە دژی کوردەکان هەستاوەو وەک سیستەمی بنچێنەیی کۆنتراگەریلای کە وەک باڵی سەرەکی ئەرگەنەکۆن دەناسری لە دژی کورد کاری کردووە.
سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیا یەکەمین رێکخراوی سەربازیی نهێنی بە ناوی (قەرەقۆل) لە لایەن مستەفا کەمالەوە دامەزرا بە هۆی گوشار و کاریگەریەکانی بەریتانیاوە پاش 3 ساڵ هەڵوەشایەوە.هەر لە سەرەتاوە تا دەگاتەساڵی 1928و دروستبوونی رێکخراوی (میللی عەمەلە خیزمەت) و (میللی ئەمنیەت تەشکیلاتی) و پاشان دەزگای هەواڵگری تورکیا میت و

کۆمەڵێک ڕێکخراوی نهێنی چەپ و نەتەوەیی، دژی تەڤگەری چەپ و کوردەکان کاریان کردووە.
کودەتای 12 ی ئەیلولی 1980بە هۆی مململانێ و شەڕی ناوخۆوە ئەرگەنەکۆن لە ژێر ناوی جۆراوجۆری وەک، ژیتەم، تەیەتە، هێزی میللی، وتەنلار درێژە ی دا بە کارەکانی خۆی.
لە هەر یەک لەو وڵاتانەی کە سەر بە پەیمانی ناتۆ بوون، دەستگەی هەواڵگریی ئەمەریکا CIA ڕێکخراوێکی نهێنیی بۆ دامەزراندن کە ئەم ڕێکخراوانە لە ناو دەوڵەتدا کاریان ئەوە بوو ڕێگە نەدەن پارتێکی کۆمۆنیستی دەستەڵات بگرێتە دەست. بە نسبەت وڵاتی تورکیا مەسەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆزتر بوو کە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا بەدی دەکرا، تورکیا هەر لە سەرەتاوە سێ کێشەی سەرەکی هەبوو؛ کێشەی کورد و کەمایەتیی ئایینی و مەزهەبییەکان، و مەترسیی کۆمۆنیزم. ئەمانە کاری ئەو ڕێکخراوە نهێنییەی قوورستر کرد و بۆ ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستیەکانی لە لایەن حکومەتی تورکیاوە دەستی ئاواڵاتر بوو. تورکیا دوای ساڵی 1950 کە بوو بە حکومەتێکی فرەحزبیی، بوو بە گۆڕستانی پارتە سیاسییەکان.
هەر لەو ساڵانەدا چوار کودتای سەربازیی بە خۆیەوە بینی. نووسەر و ڕۆژنامەنووسی تورک "جان دووندار" لە کتێبی "ئەرگەنەکۆن" دا دەنووسێت: ئامانج و کاری "ئەرگەنەکۆن" لە تورکیادا هەر لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ بریتی بووە لە: "خستنە گەڕی هەموو هەوڵ تێکۆشانیان بۆ لە ناو بردنی دوژمنانی ناوخۆیی و بە تایبەتی ئەو کەسانەی هەوڵی رووخاندنی کۆماری تورکیا دەدەن.
بە کورتی کاری ڕێکخراوەی ئەرگەنەکۆن بە سێ بەش پۆلین دەکرێن:
– 1جیاوازی لە هەستی شوڤینی و ئیدئۆلۆژی وایکرد کە گرووپی جیا جیا دروست بکرێت،بەلام لە ژێر چاودێری یەک سەرۆکدا. ئەمانە خەڵکانێکی مافیایی و ڕەگەزپەرست بوون کە راستەوخۆ لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی تورکیادا پێوەندییان هەبوو. بەناوبانگترین ئەوە کەسانەە بریتین لە (عەبدوڵلا چاتڵی، عەلائەددین چاکجی، سێداد پێکەر، وەلی کووچووک،
-2گرووپی نیشتمانی کە کاری تەنیا ئاژاوە نانەوە لە نێوان، کورد-تورک، سوننی-شیعە و عەلمانی و ئیسلامی بوو. ئەو کەسانەش بریتی بوو لە نووسەریگۆڤار و خاوەنئیمتیازی ڕۆژنامە، و بەڕێوەبەری کەناڵە تەلەڤزیۆنەکان.
-3گرووپی ئامادەکار بۆ هێرش بردنە سەر پارتە ئیسلامییەکان. ئەم گرووپە کاری ئەوە بوو کە زەمینە دروست بکات بۆ هاتنی کەسایەتیە ئیسلامیەکان. وەکو، شێخ و سەید و سۆفی و نوشتەنووس و.. ئەم گرووپە کەسانی ئایینیان هاندەدا بۆ کاری دژ بە کەمالیزم و پاشان دەوڵەت و سوپای هەڵدەکوتایە سەریان و سەرکوتی دەکردن. ساڵی 1996 کە تێیدا دەیان فیرقە و گرووپ و تەکیەیان زیندوو کردەوە و،خستیانە سەر ئەستۆی حزبی ڕەفاە.
"ئەرگەنەکۆن" چۆن دۆزرایەوە؟
دوای کودتای پۆست مۆدێرنی 28ی شوباتی ساڵی 1996 لە زەینی خەڵکی تورکیادا شتێک چەسپا کە ئەویش بریتی بوو لەوەی هەندێک هێز هەن لە ناو دەوڵەتی تورکیادا زەمینە بۆ کۆدەتا، گۆڕینی ڕژێمی سیاسی و زۆر شتی دیکە خۆش دەکەن. 28ی شوباتی 1996 ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا کۆبۆوە و دوای ئەو کۆبوونەوەیە حزبەکەی چیللەر لە پەڕلەمان لێک هەڵوەشایەوە. ئەو کەسانەی کە حزبی ڕەفاهی تورکیایان بەرەو داخستن برد، گرووپگەلێک بوون کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە کۆماری تورکیا لە سایەی ڕەفاهەوە کەوتووەتە مەترسییەوە.

له کۆتایی ساڵی 1998 گومانی ئەوە هەبوو کە کەسانێک هەن کە خەریکن زەمینەی کودەتای سەربازی خۆش دەکەن و دەیانەوێت حکومەت تێکشکێنن. هەرچەندە کە کۆمیسیۆنی پەڕلەمانی تورکیا نەیتوانی ئەو کەسانە ئاشکرا بکات و شکستی هێنا، بەڵام ئەو رووداوە لە زەینی خەڵکی تورکیا هەر مایەوە. بەر لە هاتنی حزبی داد و گەشەپێدان حکومەتی مەرگەزی دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو کە بتوانێ ئەو بەڵگانە کۆکاتەوە و بیسەلمێنێت کە کودەتایەک لە ئارادا هەیە. تا لە رۆژی 12ی حوزەیرانی ساڵی 2007 دا لە گەڕەکی "عومرانیە"ی شاری ئیستانبوڵ لە ماڵێکدا 27 نارنجۆک و ژمارەیەکی چەک و تەقەمەنی لە لایەن پۆلیسەوە کەشف کرا. دوای لێکۆڵینەوەکان دەرکەوت ئەم چەک و تەقەمەنییە هی ئەفەسەرێکی خانەنشینی کۆماندۆی سوپای تورکیایە بە ناوی(ئۆکتای یڵدرم).پاش دەستگیر کردنی (یلدرم) چەند بەڵگەنامەیەکیش دەستی بەسەردا گیرا، کە باسی چۆنیەتی رێکخراوی "ئەرگەنەکۆن" و پێکهاتەکەی دەکرد و پاش ماوەیەکی کورت سوپا تورکیا چەند کەسێکی بە ناو سەرکردەی ئەو گرووپەی دەستگیر کردوو ئێستا لە زینداندان.

پەیوەندی ئەرگەنەکۆن و کورد

وەک پێشتر باسمان کرد ئەرگەنەکۆن یەکێک لەو رێکخراوانەبوو کە بە پشت بەستن بە ئەمریکاو ناتۆ رێگەیان لەتەشەنەکردنی یەکێتی سۆڤیەت لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا دەکرد، دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت، تورکیا بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکە نەتەنیا ئەو رێکخراوەی هەلنەوەشاندەوە، بەڵکو بەهێزتری کرد بۆ سەرکوتکردنی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد.

ئەرگەنەکۆن بەشێوەیەکی سیستەماتێک لەدژی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا وەستاوە، هەرچەندە کە لە تورکیا پرسی کورد وەک مەسەلەیەکی ئەمنیەتی سەیردەکرێت تا کێشەیەکی سیاسی. ئەوەش رادەستی سوپای ئەم وڵاتە کراوە.

ئەوانەی ئێستا کە وەک سەرکردەی ئەو رێکخراوە لە زینداندان،بە دڵنیاییەوە هەموویان رۆژێک لە رۆژان لە کوردستان لە دژی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد شەڕیان کردووە و کەسیان کوشتووە. بەڵگەنامەکان نیشانیانداوە ئەوانەی لە ناو سوپادا شەڕی کوردیان نەکردووە لە لایەن ئەرگەنەکۆنەوە کوژراون.نموونەی بەر چاوە ئەم بەڵگەیەش کوشتنی ژەنەراڵ(ئەشرف بیتایس) و (بەختیار ئایدن) کە بە هۆی شەر نەکردنیان لە گەڵ کوردان،کوژران .

هەوڵەکانی ئەرگەنەکۆن بۆ دروست نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی تەنیا باکووری کوردستانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو هەموو تەڤگەرێکی ئازادیخوازی کوردی لە پارچەکانی تریش سەرکووت کردووە، ئەرگەنەکۆن یەکێک لەو رێکخراوانە بووە کە بە شێوەیەی نەهێنی لە رێگای سوپاوە نەیهێشتووە پەیوەندی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تورکیا لەگەڵ حزبە کوردەکان دروستبێت.

دوای ساڵی 2003 مەسەلەی کورد لە تورکیا وەک هێزی گوشار دژ بە حکوومەتی ئەردۆغان راوەستا و، PKKئەو هێزەی توندتر و قایمتر کرد و حکومەتی تورکی خستە ژێر مەترسێکی گەورەوە.لە دوای دەستگیر کردنی ئۆجەلان ساحەی سیاسی کورد لاواز بوو. ئەرگەنەکۆن دووبارە PKK ی وەگەڕ خستەوە.

ئەرگەنەکۆن دوای دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداریی پەکەکە لەگەڵ سوپای تورکیا لە حوزەیرانی 2004 بە شێوەیەکی شێلگیرانە میدیای تورکیەکانی لە دژی کوردستانی عێراق هاندەدا و هەمیشە ئاگرخۆشکەرە

بوون و کەسی زۆریان لەناو PKK و گرووپە سیاسییەکانی کورددا هەبووە کە لە ژێر کاریگەری و ئایدیۆلۆژی ئەوان کاریان کردووە و ڕێگربوونە لەبەردەم نزیکبوونەوە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا.
بە هۆی ئەو ئاژاوانەی کە ئەرگەنەکۆن" لە مەراسیمی ناشتنی تەرمەکانی سوپای تورکیا دەیناوە، حکوومەتی تورکیای ناچار کرد ڕێگر نەبێت لە بەردەم پەلاماری سوپا بۆ سەر خاکی کوردستان، لە ساڵی 2007ـدا چەندین ڕووداوی شەڕ و پێکداداان لە نێوان سوپای تورکیا و PKK دا هاتوەتە ئاراوە.
کوژرانی 14 جاشی کوردی سەر بە سوپای تورکیا لە ناوچەی شیرناخ کە PKKبێ ئاگایی خۆی لێیان نیشان دا! نموونەی هەرە بەرچاوی کردەوە تیرۆریستیەکانی ئەرگەنەکۆن بوو. بەڵگەنامەکان دەریان خستوە "ناوی ئەحمەد تورک" سەرۆکی پارتیی DTP و چەند ئەندام پەرلەمانێکی کوردی سەر بەو حزبە لە لیستی ئەو کەسانەدایە کە دەبوایە "ئەرگەنەکۆن" تیرۆریان بکات. ئەرگەنەکۆن زۆرترین هەوڵی دەدا کە لە ڕێگەی میدیاکانەوە سووکایەتی بکات بە سەرانی کوردستانی عێراق و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوانگەی حکومەت و خەڵک بەرامبەر بە کورد لێڵ تر و ئالۆزتر بکات.
سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا کە ئێستە لە زیندانی (ئیمرالی) تورکیادایە،ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە لە مەسەلەی دادگاییکردنی گرووپی ئەرگەنەکۆندا شاهیدی بدات و ڕاستیەکان ئاشکرا بکات.
ساڵی 2007 و پێش هەڵبژاردنی پەرلەمان دەیان میتینگی گەورە بە دروشمی(پاراستنی جمهورییەتی تورکیا) ساز کران، تا حزبە ڕاستڕەوەکان یان نەیارانیAKP ـ شکست بخۆن."ئەرگەنەکۆن" و لایەنگرانی لە زۆربەی ئەو میتینگانە دەر دەکەوتن،بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکە پێچەوانە دەرچوو و AKP ئەمجارەیان زیاتر لە جاری پێشووش زۆرترین دەنگی هێنا.ئەمە وایکرد "ئەرگەنەکۆن" سۆنگەیەکی تر بدۆزێتەوە بۆ ئەو کێبەرکێیە. ویستی سوپا و حکوومەت بەگژ یەکدا بکات. بەلام مۆڵەتدانی حکوومەت بە سوپا بۆ ئەنجامدانی کردەوەی سەربازیی لە دەرەوەی سنووری تورکیا ئەمە جارێکی تر هەوڵی ئەرگەنەکۆنی بێئاکام کرد،حکومەت لە بەیاننامەیەکیدا لە شوباتی 2008 (دوای ئەوەی سوپا لەژێر گوشاری ئەمەریکادا لە کوردستان کشانەوە)، بە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تورکیای گوت: "ئەوەی ئێوە دەیکەن هیچی لە هی خائینان کەمتر نییە".
ئەرگەنەکۆن یەک لە دوای یەک پلانەکانی شکستی دەهێنا و تا ئەوەی کە بۆ دوایین کاری دەست داتە پیلانی ڕووخاندنی حکوومەت لە ڕێگەی کودەتایەکەوە. ئەو بەڵگانەی کە لە میدیاکانی تورکیاوە خراونەتە ڕوو باس لەسەر ئەوە دەکەن کە، "ئەرگەنەکۆن" پڕیاری دابوو زەمینەیەک خۆش بکات بۆ کودەتایەکی سەربازی لە ساڵی 2009ـدا. بۆ دەستپێکردنی ئەم کارە دەبوایە پڕێ کەسایەتیی سیاسی، ئابووری و تەنانەت ڕۆشنبیر و نووسەری وەک "ئۆرهان پاموک" تیرۆر بکەن.
ئەرگەنەکۆن بۆیە ساڵی 2009ـی هەڵبژاردبوو، دەیزانی "بیوک ئانیت" لەبەر خاڵە لاوازەکانی ئەم کارە ناکات و چاوەڕێی ئەوەبوو کە "ئیلکەر باشبوغوو" کە سەربازێکی توندڕەوە بێتە سەرکار.
سەرچاوە: ماڵپەڕی فەرزین

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | تیرۆریست |
| وڵات: | دەرەوە |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 24

## ئەزهەر

http://www.kurdipedia.org/?q=200908101553451934

پەیمانگای ئەزهەر لەساڵی 2008 لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، سەر بەزانکۆی ئەزهەری میسرە و سەرجەم مامۆستاکانی خەڵکی ئەو وڵاتەن و پێشتر لەزانکۆی ئەزهەر وانەیان وتۆتەوە.
پەیمانگای ئەزهەر کە بەفەرمی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پاڵپشتی دەکرێت و سەر بەوەزارەتی ئەوقافە، ساڵی 2008 لەگەڵ کردنەوەیدا 60 قوتابیی وەرگرت.
جێی ئاماژەیە زانکۆی ئەزهەر جگە لە هەرێمی کوردستان، تەنها مۆڵەتی بە وڵاتانی یەمەن و مالیزیا داوە کە پەیمانگا بەو ناوەوە بکەنەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەسوات ئەلعیراق

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: ئایینی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 25

## ئەنجومەنی باڵای رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013062108165878296

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: مەدەنی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 26

## ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=200903082232041614

لە 8.9.1386 دامەزراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: مەدەنی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 27

## ئەنجومەنی داخوازییەکانی خەڵک لە چەمچەماڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=201103271103372296 4

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: مەدەنی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 28

## ئەنجومەنی سەرپەرشتیاری سەربەخۆبوونی خەڵک و خاکی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20111209102456631 76

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: مەدەنی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 29

## ئەنجومەنی فەرهەنگی یارسان

http://www.kurdipedia.org/?q=2010112115073410805

له 2002-11-01دا دامەزراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕێکخراو: ئایینی

وڵات: دەرەوە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 30

## ئەنجومەنی موزیکیی شاری سنە

http://www.kurdipedia.org/?q=20121123210940738 47

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕێکخراو: هونەری

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 31

## ئەنجوومەنی ئەدەبی و هونەری فەرهەنگی ئاوێنەی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20100821184946 4823

لە سنە دامەزراوە، شاعیرو نووسەری شاری سنە ئیرەج عیبادی بەرپرسی یەکەمی ئەنجوومەنەکەیە، هەریەک لەمەنوچەهری کەیخسرەوپور، شیلان گەیلانی، نەجمەدینی شەوکەت یارو لەیلای وەزیری ئەندامانی باڵای ئەنجوومەنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕێکخراو: ڕۆشنبیری

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 32

**ئەنجوومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

http://www.kurdipedia.org/?q=20100207234550341

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | مەدەنی |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 33

**ئەنجوومەنی سەوزی چیای مەریوان**

http://www.kurdipedia.org/?q=2011061612263760297

ڕێکخراوی ژینگەپارێز

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | ژینگەپارێز |
| شارەکان: | مەریوان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 34

**ئەنجوومەنی فەرهەنگی و مەدەنی کوردەکانی خۆراسان**

http://www.kurdipedia.org/?q=201008221010504825

ساڵی 2006 دامەزراوە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | کلتووری |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 35

## ئەنجوومەنی مەیدانی ئازادی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110306203754215 51

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | مەدەنی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 36

## ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سووریا

http://www.kurdipedia.org/?q=20120601115753649 78

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | ڕامیاری |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 37

## ئەنسارولئیسلام

http://www.kurdipedia.org/?q=20090127115250118



گرووپێکی ئیسلامییە کە ساڵی 2001 لە کوردستان دامەزراوە و بەشێکە لە رێکخراوی قاعیدە و لەلایەن ئەمەریکاوە ناوی خراوەتە لیستی رێکخراوە تیرۆرستەکانەوە. دوژمنێکی سەرسەختی یەکێتی بوون و لە گوندی حەمەی شارەزوور ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی یەکێتییان سەربڕی، هەر ئەمانیش بوون شەوکەتی حاجی موشیریان تیرۆرکرد. ئەمریکییەکان لە جەنگی رزگاریی ئێراقدا گورزێکی کاریگەری ئاسمانی و زەمینیی لێوەشاندن و ئاودیوی ئێران بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: تیرۆریست

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 38

## ئەنستیتوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

http://www.kurdipedia.org/?q=201009061027499366

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: مرۆڤایەتی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 39

## ئەنستیتوی کورد لە ئامەد

http://www.kurdipedia.org/?q=20140920133205116182

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: رۆشنبیری

وڵات: باکووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 40

## ئەنستیتۆتی کورد لە پاریس

http://www.kurdipedia.org/?q=200902272210301469



لە مانگی شوباتی ساڵی 1983 لە پاریس دامەزراوە، بە هاوکاری رۆشنبیرانی هەرچوار پارچەی کوردستان وەک شاعیری گەورە هەژارو جگەرخوێن، عیسمەت شەریف وانلی و نورەدین زازا و د. کەنداڵ نەزان و چەند کوردێکی رۆشنبیری کوردی سۆڤیەت و یەڵماز گونای. لە باشووری کوردستانیش مامۆستا تۆفیق وەهبی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: رۆشنبیری

وڵات: دەرەوە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 41

## ئەنستیتیوتی کەلەپوری کورد

http://www.kurdipedia.org/?q=200901261622361146

سالی 2003 دامەزراوە و ئامانجی پاراستنی کلتوری هونەرو ئەدەبی کوردییە، پێشتر کۆی بەرهەمەکانی عەلی مەردان و حەسەن زیرەک ومەزهەری خالقی و محمەد عارف جزیریی بڵاوکردۆتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: کلتووری

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 42

## ئەنیستیتوی کورد لە ستۆکهۆڵم

http://www.kurdipedia.org/?q=201001241226093320

ساڵی 1996 دامەزراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: رۆشنبیری

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 43

## ئەنیستیتوی کوردی لە ئەستەمبوڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=200911031920532360

ساڵی 1992 دامەزراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: رۆشنبیری

وڵات: دەرەوە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 44

## ئەکادیمیای ژنی ئازاد

http://www.kurdipedia.org/?q=2013020709271375638

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: ژنان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 45

## ئەکادیمیای سەربازی لە زاخۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=201002252212433728



سەربە پارتییە، لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە دانی پێدا نانرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ڕێکخراو: | حوکومی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 46

## ئەکادیمیای کوردی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130123191204751 78

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | ڕۆشنبیری |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 47

## ئەکادێمیای زانستی کوردستانKAS -

http://www.kurdipedia.org/?q=20091123113233264 9

ڕێکخراوێکی زانستیی سەربەخۆیە، بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی یان ئایینییەوە گرێ نەدراوەو لە ساڵی 2005 وە، ئەم ڕێخکراوە کە لە دەرەوەی وڵات دامەزرێنراوە، کاردەکات بۆئەوەی ئەکادێمیانی کورد کە خاوەنی پروانامەی خوێندنی بەرزن، لە ژێر چەتری زانستدا کۆبکاتەوە، تا وەکو وەک سامانێکی نەتەوەیی بۆ ئەمڕۆ و داهاتووی کوردستان سوودیان لێ وەربگیرێت. هەروەها لەلایەک بە ئامانجی پەیوەندی گرتن بە دام ودە زگاتایبەتەکان و وڵاتانی جیهانەوە بۆ کەڵک لێ وەرگرتن، و لە لایەکی تریشەوە بۆ بەهێز کردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەکادێمیەکانی کورد و حکوومەتی هەرێمی کوردستان چالاکانە تێدەکۆشێت .
سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان نێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | زانستی |

ولآت: دەرەوە
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 48

## بادینان بۆ رۆژنامەگەریی ئازاد

http://www.kurdipedia.org/?q=20081218140259839

رێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆیە، کۆمەڵێک رۆژنامەنووس و یاساناس و مامۆستای زانکۆ دەگرێتەخۆی کە لە پێناو ئامادەکردن و پێگەیاندنی رۆژنامەنووسان لەسەر بنەماکانی دیموکراسی کار دەکەن .

مێژووی دامەزراندن: ئەم رێکخراوە لە 28ی ئەیلولی 2007 لە هەرێمی کوردستانی عێراق دامەزراوە .

شوێن: دهۆک

چالاکییەکانی رێکخراو: چەندین چالاکی ئەنجام داون لەوانە؛ دانانی پرۆژەی یاسای پەخشی گشتی لە هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی بە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، هەروەها کۆمەڵێک بەرنامەی رادیۆیی سەبارەت بە گەنجان لە دهۆک بەرهەمهێناون. پرۆژەیەکیشی سەبارەت بە کاراکردنی رۆڵی راگەیاندن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 49

## بانکی هەولێر بۆ وەبەرهێنان و بازرگانی

http://www.kurdipedia.org/?q=201104072051152508

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: بازرگانی

شارەکان: هەولێر

ولآت: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 50

## بزاڤی رۆشنبیری سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=200901260934381112

لە ساڵی 2004 دامەزراوە و لەلایەن مەکتەبی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هاوکاریی دەکرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ڕێکخراو: | ڕۆشنبیری |
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 51

## بزاڤی ژینگە و یەکسانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20111213102405632 47

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | مەدەنی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 52

## بزوتنەوەی دادپەروری و گەشەپێدان

http://www.kurdipedia.org/?q=20141021140530117035

حیزبێکی سیاسی یە لە کوردستانی ئێراق لە مانگی تشرینی یەکەمی سالی 2014 دامەزراوە، سکرتێرێ گشتی حیزبەکە دکتور محمد بازیانی یە، ئایدولوژی بزوتنەوە هەمان ئایدولوژی حزبی داد و گەشەپێدانی تورکیایە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 53

## بزوتنەوەی هەتاکەی

http://www.kurdipedia.org/?q=20090127141031185

پێکهاتووە لە فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکاکانی کرێکاران و ژمارەیەک کەسایەتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیران، لە مانگی ئایاری 2007 دامەزراوە، بەوتەی هەڵسوراوانی، کاردەکات بۆ چەسپاندنی ئازادی بیرورا و نەهێشتنی گەندەڵی و چاکسازی لە دامودەزگاکانی حکومەت و ناو کۆمەڵگادا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕێکخراو: مەدەنی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 54

## بزووتنەوەی 99% لە کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20111013110040623355

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕێکخراو: مەدەنی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە55 :

## بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق

http://www.kurdipedia.org/?q=200901281645461220

له ساڵی 1978 دامەزراوە و لە ساڵی 1984 ناوی رابیتەی ئیسلامی لەخۆی ناوە و ساڵی 1987 دەستی بە خەباتی چەکداری کردووە و مەلا عەلی عەبدولعەزیزیش لەدوای مردنی شێخ عوسمان عەبدولعەزیز لە ساڵی 1999وە جێگەی ئەوی گرتەوە، بزوتنەوەی ئیسلامی هیچ ئەندامێکی لە پەرلەمانی کوردستان و عێراقدا نییە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: رامیاری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 56

## بزووتنەوەی پاکردنەوەی کوردستان لە جەهالەت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013032319442780086

...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 57

## بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=200905141359571749

لە ساڵی 1992 لە پشدەر دامەزرا، ئەم بزووتنەوەیە کە وەکو خۆیان رایانگەیاند کە بۆ بەرگریکردن لە چینی هەژار و خەڵکی زەحمەتکێشی جوتیاربوو دامەزراوە، زۆری نەبرد لە ساڵی1995دا کەوتە بەر هێرشی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و چەندین کەسیان لێ کوشتن و لەناویشیاندا سەرکردەیەکی دیاری ئەم بزووتنەوەیە مامۆستا ئەمین لە ماڵەکەی خۆیدا، دواى بەیەکدا پژان و کوژرانی دوو پێشمەرگەی یەکێتی، بە دەستی بەستراوەوە بردیان بۆ دەڤەری پشدەر و کوشتیان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵبوون

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: رامیاری

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 58

## بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری

http://www.kurdipedia.org/?q=20140523134813764377

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: رامیاری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 59

## بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101094751195122

له 3/28 /1994 دامەزراوە و هەمان ساڵ مۆڵەتی رەسمی کارکردنی له حکومەتی هەرێم وەرگرتووه .
دامەزرێنەرو یەکەم سکرتێری تا ساڵی 2004 بەهادین نوری بووه .
له هەڵبژاردنی 2005ی پەرڵەمانی کوردستان به لیستی سەربەخۆ بەشداری کرد 7000 دەنگی هێنا، له هەڵبژاردنی 2009 له چوارچێوەی لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی بەشداری کرد .
سەرچاوە: شێرزاد عومەر مەحمود - ماڵپەری کوردستان نێت

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: رامیاری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 60

## بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20081110155530259

لەساڵی 1976 لەگەڵ دروستبوونی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دروستبووە.
-سەرکردە دیارەکانی لەدەرەوەی شار بریتی بوون له عەلی عەسکەری، رەسوڵ مامەند، عومەر دەبابە، خالد سەعید، تایەری عەلی والی... له ناوەوەش ساڵح یوسفی، کاردۆ گەڵاڵی...
-لەساڵی 1979 بەشێکیان لەیەکێتی جیابوونەتەوە.
-لەساڵی 1980 محەمەدی حاجی مەحمود لەیەکێتی جیابووەتەوە و چووەتە ئەو حیزبەوە.

-ئێستا محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبەکەیە و ناوی (حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانە) و خۆیان بەدرێژکراوەی بزووتنەوەی سۆسیالیست دەزانن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ڕێکخراو: ڕامیاری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 61
## بزووتنەوەی گەلی دیموکراتی کوردستان
http://www.kurdipedia.org/?q=2011021009000533195
لە 25\8\1995 دامەزراوە، لەو ڕۆژەی دامەزراوە تائێستا خدر ڕووسی سکرتێریەتی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ڕێکخراو: ڕامیاری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 62
## بزووتنەوەی نەوەی دوارۆژی کوردستان
http://www.kurdipedia.org/?q=2012092022341573217
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ڕێکخراو: لاوان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 63
## بزووتنەوەی هەقە

http://www.kurdipedia.org/?q=2011111417200662966
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | کۆمەڵایەتی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 64

## بزووتنەوەی کوردە فەیلییە موسڵمانەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20121123210748738 46
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | ڕامیاری |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 65

## بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2011100614264962228

بەرنامەی بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هاونیشتمانانی خۆشەویست

دەقی خوارەوە باس لە کردنەوەی دەللاقەیەکی تازە بەرووی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا دەکات. بەخوێندنەوە و رەخنەگرتن، تێبینی و پێشنیار لەو رەشنووسە، پالپشتی لە بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان بکەن. نەتەوەکەمان پێویستی بە دەستپێکی شێوازێکی تازە لە خەبات لەپێناویی دەستەبەربوونی دەسەلاتی سیاسی و مافی چارەی خۆنووسین هەیە.

ئێمە وەک بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان بەچاویی رێزەوە لەخەباتی هەموولایەنەکانی گۆرەپانی کوردایەتی دەروانین. ئەو بزووتنەوەیە لەبنچینەدا خۆی بە جێگرەوەو ئالترناتیفی هیجکام لە پارت و رێکخراوە سیاسیەکانی گۆرەپانی خەباتی رزگارخوازی نازانێ. بەباوەری ئێمە هاوکاری و تەبایی نێوان کورد بەگشتی و لایەنە سیاسیەکان بەتایبەتی، تەنیا رێگای

گوونجاۆ لەئاست دەربازبوون لەۆقێرانە دەبێ کە بەداخەوە خاریج لە ئیرادەی کورد بالی بەسەر رۆژهەلاتی کوردستاندا کێشاوە. بۆیە پێمانوایە رەخنە، تێبینی، پێشنیاری دلسۆزانەی ئێوەی بەرێز دەتوانن لە دەۆلەمەندکردن و پاراۆکردنی ئەۆ نووسراوەیەدا رۆل و نەخشێکی کارگەر و چارەنووس‌ساز بگێرن. بۆ نیشاندان و دەرخستنی باوەری قوول و پتەۆمان بە بەشداری تاکەکانی کۆمەلگا لە سەرجەم بووارەکاندا، ئەۆ نووسراویە وەک دەقی رەشنووسی مەنشووری بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان، بلاۆدەکەینەوە.

بە تێگەیشتنی ئێمە خوولقاندن و بوونی پرۆسەی کراوەی کایەی سیاسی و رەخساندنی زەمینەی گوونجاۆ بۆ بەشداری و مشارکەتی گشتی لە پرۆسێسی گەلالەکردنی پرۆژەۆ و بریاردانی سیاسیدا، لە رەۆتی خەبات بۆ رزگاربوونی نەتەوەکەمان وەک مەرجگەلێکی پێویست دێنەنرخاندن. بۆیە بەباوەری قوولمان بەم ئەسلی دەخیل کردنی خەلک لە پرۆسەی گەلالەکردن و بریاردانی سیاسی لەئاست گشت پرسەکانی پەیوەندیدار بەچارەنووسی نەتەوییمان، رەشنووی بزووتنەوە بۆ ئیسلاح و پاراۆ و دەۆلەمەندکردنی رەوانەی بەردەستتان دەکەیین، بەۆهیوایە کە لە بەردی بناخەوە هەتا لێوارەکانی گەیشتن بەئاماجەکانمان پێکەوە هەنگاۆ هەلگرین و لە چوارچێوەی باوەر بە هاۆکێشەی ژیری بە کۆمەل، خەبات و تێکۆشانی تازەمان هەموو پێکەوە رێکبخەێنەوە.

هاۆنیشتمانانی بەرێز، بزووتنەوە دەنگ و رەنگی خۆتانە

تێکەل بە ریزی خەباتکارانی بزووتنەوە ببن و لە پێشرەوانی خەباتی نوێ گەلەکەمان بن

سپاس بۆ هاۆکاری هەموولایەک

شوورای هاۆئاهەنگی بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان

رەشنووسی مەنشووری بزووتنەوە

بەیاننامەی دامەزرانی بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان

خەڵکی خەباتکار وتێکۆشەری رۆژهەڵاتی کوردستان

حیزب و رێکخراوە سیاسیی، ئایینیی و کۆمەلایەتیەکان

ناوەند و دامەزراوەجۆراوجۆرەکانی نێو گۆرەپانی خەبات و کۆڵنەدان

بزوتنەوەی کۆماریخوازیی رۆژهەڵاتی کوردستان، بزوتنەوەیەکی کراوە و خاوەن پێکهاتەی رایەڵکەیی کۆمەلایەتیە. ئەو بزوتنەوەیە لە پێناوی بەرۆژکردنەوەی بنچینەو بنەما فیکری و فەلسەفیەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان، پێک هاتووە. بزوتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان، وەک بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی خاوەنی پەیامی دەستەبەرکردنی دەسەڵات و سەروەری سیاسی بۆ نەتەوەی کوردە. ئەو بزوتنەوەیە ئاکامی خوێندنەوەی

خەسارناسانەلەجوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستانە. دامەزرێنەرانی بزوتنەوە لە ئەنجامی پێداچوونەوە و لێکدانەوەی هەمەلایەنە و رەخنەگرانە لەرووداو و دیاردەکانی رابردوو بەو ئاکامەگەیشتوون،کە کۆمەڵگای سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان تووشی قەیرانێکی هەمەلایەنە و بەرفراوان بۆتەوە. قەیرانێک، کە باڵی بەسەر ناسنامە، ستراتیژی و رێکخراوەکاندا کێشاوە.

ەروانگەی بزوتنەوەکەمانەوە دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگا و کەش وهەوای قەیراناویی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئاکامی سوودوەرگرتن لە ئەدەبیاتێکی سیاسیی و هاوردەییە. سیاسەتی " تێئۆری توطئە"ی نەتەوە سەردەست و نەیارەکان و کارتێکەری ئەوان لەسەر نەتەوەی کورد و بەتایبەت لەبازنەی ئەدەبیات و سیاسەتدا، بەستێن و ژینگەی ژاراوی کردوە. بەباوەڕی بزوتنەوەکەمان:" کولتووری سیاسیی کۆمەڵگا، قەیرانی سیستمی حیزبی و رێکخراوەیی، بڵاوبوونەوەی کولتووری خۆبواردن و بەدەستەوەدان و لاوازی ئیرادەی نەتەوەیی"، بەگشتی بەرهەم و ئاکامی راستەوخۆی بەکار هێنانی ئەدەبیاتێکی لەم چەشنەیەن. دامەزرینەرانی بزوتنەوەی کۆماریخوازیی رۆژهەڵاتی کوردستان بەلەبەر چاوگرتنی ئەو بارودۆخەو بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو، تێکەڵ بە گۆرەپانی تێکۆشان دەبن. ئێمەپاش لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی دۆخی ناوچەو خوێندنەوەی بارودۆخی نەتەوەکەمان لەژێر تیشکی تێۆری و پراکتیکدا،وە بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگای چارە و چارەسەری بۆ پرسی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان بوونی خۆمان رادەگەیەنین. نانەوەی قەیران و بڵاوکردنەوەی چەمکی نوێ و نوێخوازی و تەبلیغی باوەڕی نامۆ دەگەل عادات و کولتوری سیاسی، ئاینی و کۆمەلایەتی نەتەوەکەمان، هیچکامیان بۆ دەربازبوونی نەتەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان کارساز نین.

رێگاچارە و نووسخە و دەرمانی کارساز و چارەسەر بۆ ئەو گشت نەهامەتیانە، خوڵقاندنی بەستێن و ئەگەری پێویست بۆ رێنێسانسێکی ئامانجدار لەمێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستانە.

رێنێسانسی ئاماژەپێکراو هاوشێوەی شۆرشی رێنێسانس لە ئورووپا، بەمانای گەڕانەوە بۆ ئەسڵو بنچینە، واتە دووبارە لەدایکبوونەوەیە. لەتێروانینی دامەزرێنەرانی بزوتنەوە، چەشنێک خۆ شۆرکردنەوەیەکی مێژووییە، لەپێناوی دۆزینەوەی گەنجینەو بەها ونکراو و شاردراوە نەتەوەییەکانە. ئەم گەنجینەیە خاوەن بایەخە لە باوەڕ و ئاسۆی تێکۆشانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەیە. بنەمافیکری و فەلسەفییەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان بەو گەنجینە فیکری و سیاسیانە پێناسەدەکەین، کەلەرەوتی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی سەروەری سیاسی نەتەوەیمان، وەک رێباز و بەستێنی گەرانەوە بۆ ئەسڵ و هەوێنی رەخساندنی زەمینەی گوونجاو بۆ دەستەبەرکردنی سەروەری سیاسی نەتەوەکەمان بەکەڵک و خاوەن بایەخ دەنرخێنین.

بزوتنەوەی کۆماریخوازیی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە دۆخی قەیراناوی کۆمەڵگای سیاسیی و ژیانی پڕ لە مەینەتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئاکامی لادانێکی ستراتیژیک (بەلام کۆنترۆڵکراو لە

لایەن نەیارانی سەربەستی کورد) لەم ئەسل و بنەچەکە و بگرە پاشخانی نەتەوەییە. ئەو لەرێباز دەرچوون و لەئەسل لادانە (بە پلانی دیار و شاراوەی نەیاران) بەمانای دوورکەوتنەوە لە هەوێنی سەروەریسازی و سەربەستی نەتەوەییمان لە شکڵی کۆمار دایە. لەبەر گرینگی ئەو دیاردەیە، بزوتنەوەی کۆماریخوازیی بوونی رەوتی رادیکاڵ لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی مانا و بیری رێنێسانس لە مێژووی مۆدێرن و هاوچەرخی کوردیدا بەگونجاو و پێویست دەزانێ. رەوتی ئاماژەپێکراو دەبێتەکاناڵی دۆزینەوە و بەرۆژکردنەوەی پاشخان و گەنجینەی‌فیکری و فەلسەفییەکانی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد. بزووتنەوە بەمەبەستی رزگاربوون و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو ئامانجە نەتەوەییەکان رێبازی گەڕانەوە بۆ ئەسل و گەنجینە فیکرییەکانی سەردەمی کۆمار بەرێگایەکی گونجاو و سەردەمیانەدەزانێ. وە لەم راستایەشدا ئەو باوەڕ و بیرانە، وەک سەرچاوەی سەرەکی داڕشتنەوە و نوێکردنەوەی ستراتیژی بزوتنەوەی رزگاریخوازانە، لەپێناۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی سیاسیی دەنرخێنێ. بزوتنەوە لە روانگەی ئەم بیر و هزرە نیشتمانیە، ستراتیژی وەدیهێنانی دەسەڵات و سەروەری سیاسیی کورد دەستنیشان دەکات. لەو پێناوەدا بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی سیاسیی و کولتووریی هەڵقوڵاو لە کانگای نیشتمان خۆشەویستی و نەتەوەسازی، هەموو هەوڵ و تواناکانی خۆی دەخاتەگەڕ. بزووتنەوە ئەو کارە بە پێشمەرج و سەرەتای داڕشتنەوەی هێڵەگشتییەکانی تێکۆشان لەپێناوی دەسەڵات و سەرەوەری سیاسی نەتەوەکەمان دەخەملێنێ.

مەنشووری بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان

بزوتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان، لەپێناوی گرینگی پێدان و چەسپاندنی مانا و هەوێنی کۆماریخوازیی لە نێو بزووتنەوەدا، پێویستی بەستراتیژی ئاشکرا و کارگەرە. مەرجی گەیشتن بەئامانجی دڵخواز و خوازراو ئەوەیە، کەستراتیژی ئاماژەپێکراو زۆربەی چێنو توویژەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە.لەبەر گرینگی ئەو هۆکارەیە، کەدروشمی ستراتیژیکی بزوتنەوەکەمان پێویستە دەنگ ورەنگی پراکتیزەکردنی مافی دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەکەمان بێ. بزوتنەوەی کۆماریخوازی، هەوڵدەدا کوردە رەخنەگر و ناڕازییەکان بەرامبەر بەدۆخی ئەمڕۆ لەدەوری سیاسەتەکانی خۆێ کۆکاتەوە. بزوتنەوەکەمان دەتوانێ بۆ سەرجەم روانگەفیکری و باوەڕەسیاسییەکانی نێوکۆمەڵگا ببێتەچوارچێوەیەکی گونجاو و پێگەیەکی جێگای باوەڕ و خۆ حەوانەوەیەکی پر لەمەدارا و تێگەیشتن و پێکگەیشتن.

بزوتنەوە تێدەکۆشێ و هەوڵدەدا، کەببێتەمەکۆی کۆکردەنوەی باوەڕ و دەنگ و رەنگەجیاوازەکی کۆمەڵگا. ئەرکی بزوتنەوەکەمانە، کەلەگۆڕەپانی پێکگەیاندن و تێکۆشاندا، قەناعەت بەلایەنە بەشداربووەکانی پرۆسەی خەبات لەکوردستاندا(لەچەپ و راست و نێوەندەوە) بێنێ، کە مسۆگەرکردنی مافی دەسەڵات و سەروەری سیاسیی بەخاڵی وەرچەرخان بناسێنن. ئەو هەنگاوەئامانجدارە دەتوانێ بەستێنی گونجاو بۆ بەشداریکردنی هەمەلایەنەلەچوارچێوەی نۆرمەدێموکڕاتییەکاندا مسۆگەر بکا. مەبەست لەبەشداریکردنی گشتیی و هەمەلایەنە، ئامادەبوون و بەشداری چالاکانەی نەتەوەکەمانە لەرەوت و پرۆسەی داڕشتنی هێڵەسیاسییەکاندا، کەپێوەندیان بەچارەنووسی ئەمڕۆ و دواڕۆژی نەتەوە و نیشتمانەوە هەیە. دیارە ئەوەی لەو نێوەدا زیاتر زەقدەبێتەوە چۆنیەتی هەڵگرتنی هەنگاوی بەکردەوەو گەیشتن

بەیەکدەنگی و کەوتنەسەر هێڵی خەبات بۆ ئەستاندنی مافی دەسەڵاتی سیاسییە. بۆ وەگەڕخستنی ئەو پرۆژەیەپێویستمان بەداڕشتنی هەیکەل و چوارچێوەیەکی دێموکڕاتیکە، کەیەک دەنگیی و یەک ئامانجی بەرهەم دێنێ. کردنەوەی دەرگای دیالۆگ و ئاڵوگۆڕکردنی روانگەو باوەڕە جیاوازەکان بەمەرجی بنەڕەتی دەزانین، کەلەدرێژخایەندا مۆدیلێکی گونجاو بۆ داڕشتنی بەرژەوەندی نەتەوەکەمان دەخوڵقێنێ. بەباوەڕی ئێمەبۆ گەیشتن بەو ئامانجانەپێویستەلەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوەهاودەنگ و هاورا بین:

.ئۆرگانیزەکردنی خەبات و تێکۆشان لەپێناوی گەیاندنی دەنگ و پەیامی گەلەکەمان لەهەموو بەستێنەکاندا. لەم بوارەدا بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵات، دەبێ بەرامبەر بە بارودۆخی دژوار و ژانهێنەری کوردەکان لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵوێست وەرگرێ. پێویستەدەنگی هاوار و ناڕەزایەتی بەرامبەر بەهەڵسوکەوتی نیزامی زاڵ دەربیڕین و بۆ بەرفراوان کردن و نەتەوەیی کردنی ئەو بێزاریی و نارەزایەتی و ئیعترازانە، بەکردەوە و هەموو پێکەوە هەنگاو هەڵگرین.

.2کار کردن بۆ ساغبوونەوە لەسەر جۆری چارەسەرکردنی مافی چارەی خۆنووسیندا. بۆ گەیشتن بەو شێواز و مۆدیلەلەچارەسەرکردنی مافی نەتەوەکەمان پێویستمان بەمەیدان و سەکۆیەکی ئازادو پر لەمدارایە، لەپێناو دەسپیکی پرۆسەی دانووستاندن و دیالۆگی کارساز و چارەنووسسازدا هەیە. رەخساندنی دەرفەت و هەلومەرج بۆ دیالۆگی نێوان دەنگ و فیکرەجیاوازەکان و تاوتوێ کردنی رێکارەکانی ساغبوونەوە لەسەر ئەو پرسەگرینگە، بەمانای بەشداربوونی هەرچی زیاتری نەتەوە لەباسەچارەنووس سازەکان دایە. پاش گەیشتن بەهاودەنگی لەسەر جۆری دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان، دەکرێ باس لەنەخشەی رێگا و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بکرێ. بۆیە بزوتنەوە لەو پێناوەدا ئەو ئە رکانەی خووارەوە لەچوارچێوەی نەقشەی رێگا دا بەڕێوەدەبات:

نەقشەی رێگا لە پێناۆ دەستبەرکردنی سەروەری سیاسی بۆ کوردی رۆژهەلاتی کوردستان

قۆناغی یەکەم

کۆنفڕانسی ئاشتی نەتەوەیی

لەقۆناجی یەکەمدا، بزوتنەوە هێز و تواناکانی خۆی دەخاتەگەڕ، بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ پێکهێنان کۆنفڕانسی ئاشتی نەتەوەیی بکرێ. ئەم کۆنفڕانسە پێکهاتەیەکی بەرین دەبێت، کەزۆرترین دەنگ و رەنگی کۆمەڵگاکەمان لەخۆ دەگرێ. ئەم پێکهاتەیە بە بەشداری نوێنەرانی گشت حیزبو رێکخراوە جۆراوجۆرەکان و هەروەها بەشداربوونی کەسایەتیە سیاسی، ئایینی و کۆمەلایە تیەکان پێک دێت. ئەرکی ئەم کۆنفڕانسە بریتی دەبن لە:

.1رەخساندنی کەشو هەوا و بەستێنی تەبایی نێوان لایەنە ناکۆک و ناتەباکان لەپرۆسەی داڕشتن و خوڵقاندنی ستراتیژی یەک دەنگیسازی و هاودەنگی گشتگیر

.2تێکۆشان و هەوڵدان بۆ ڕەخساندنی کەش وهەوای گونجاو بۆ چەسپاندنی ئەسلی یەکترقبوڵکردن، کەبە سەرەتای پرۆسەی دیالۆگی نێوان لایەنەکان دەژمێردرێ. ڕەوتی دەستەبەرکردنی مافی دەسەڵاتی سیاسیی و سەروەریسازی نەتەوەیی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستی بەو بەستێن و پاشخانی کولتوری هەیە. بۆ ئەوەی کۆدەنگی و یەکدەنگی لەسەر پرسەگرینگەکان دەستەبەر بێ، کراوەیی و شەفافییەت، یەکترەحموول و تەقەبوول کردن لە دارشتنی پێوەندی نێوان لایەن و حیزب و لەسەر یەک کۆی ئەکتەرگەلی سیاسی ناۆ کۆمەلگای سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان، وەک پێویستیەکانی هەرە گرینگ و ئیستێراتیژیک خۆدەنوێنن، بۆیە بزووتنەوە بۆدەستەبەرکردنی ئەم ئامانجانە پێویستی بەهاریکاری سەمیمانەی گشت لایەک هەیە.

.3ئامانجی سەرەکی ئەو کۆنفڕانسە پاش دەستەبەرکرانی لێک تێگەیشتن و هاودەنگی لەنێوان لایەنەکاندا، کارکردن بۆ دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەییە. بەرێککەوتن و تێگەیشتنی هەمەلایەنە کۆنفڕانس کۆمیتەیەکی کارناس و شارەزا هەڵدەبژێرێ، بۆ ئەوەی سەرەتا و مەرجەکانی دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا ئامادەبکەن. ئەو دامەزراوەیە ڕۆڵ و نەخشی پارلەمانیی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات و لە قۆناخی تێپەڕدا بەئەستۆ دەگرێ.

قۆناغی دووهەم

دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی (پارلەمانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە(

بزوتنەوە بە هاوکاری کۆمیتەی ئامادەکار، کەلەلایەن کۆنفڕانسەوەهەڵبژێردراوە بەستێنەکانی سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە دەکا. کۆنگرەی ئاماژەپێکراو لەنوێنەرانی هەموو حیزب و رێکخراوەکان (سیاسی، ئایینی، کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵایەتی) و ژمارەیەکی بەرچاو لەکەسایەتییە دیار و بەرچاوەکانی زۆربەی چین و توێژەکان پێکدێ. کۆنگرە لەپێناوی پەسەندکردنی جۆری مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەکەمان تێدەکۆشێ. لەو پێوەندییەدا گرینگە، کەجۆری پەسەندکراوی مافی دیاریکردنی چارەنووس لەگەڵ بارودۆخی ناوچەوکوردستان بگونجێ .

پاش پەسەندکرانی ئەو مۆدیلە لەلایەن ئەندامانی کۆنگرە، سروشتی دامەزراندنی حکومەتی دیفاکتۆی کوردەکانی رۆژهەڵات دیاری دەکرێ. وە هەر لەم راستایەشدا لەسەر بناخەی دێموکڕاسی رێککەوتن و کۆنسێنسواڵ ئەندامانی کۆنگرە بەتەوافووق، کابینەی حکومەتی دیفاکتۆ و ئێتلافی رۆژهەڵاتی کوردستان دیاری دەکەن.

قۆناغی سێهەم

دامەزراندن و راگەیاندنی حکومەتێکی دیفاکتۆ بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان

لە فاز و هەنگاوی سێهەمدا، بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان کەش و هەوا و بەستێنی پێویست و لەبار بۆ جێبەجێکردنی پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی دەڕەخسێنێت. لەو پێوەندییەدا بە سوودوەرگرتن لە پڕیارنامەی 1(1514 و 2625)ی مەنشووری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا لەچوارچێوەی نیزامی حقووقی نێونەتەوەیی، بۆ رەوایەت و شەرعییەتدان بەپێگەو جێگەی حکومەتی دێفاکتۆی کوردیی کار بکات. روونە کە رۆژهەڵاتی کوردستان و کوردەکانی ئەو پارچەیە بێ ویستی خۆیان کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی ئێران. ئەو نەتەوەیە بەدرێژایی مێژوو لەمافە رەواکان بێبەشکراوە. لەو هەلومەرجەدا پێویستە لەچوارچێوەی پڕیارنامەی 26252ی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا رەوایەتی و مافی مەشروعبوونی حکومەتی دێفاکتۆ بدۆزرێتەوە. بەخوێندنەوەی ئەو پڕیارنامەیەو هەروەها بەسەرنجدان بەچوارچێوەی مافی نێونەتەوەیی،" پڕیاری دێموکڕاتیکی گەلان لەسەر چارەنووسی خۆیان جێگای رێزەو بەفەرمی دەناسرێ". هەر بۆیەبزوتنەوەبەسوودوەرگرتن لەخاڵەگرینگ و خاوەن بایەخەکانی ئاماژەپێکراودا، حکومەتی دیفاکتۆی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات رادەگەیەنێ.

ئەرک و بەرپرسایەتی ئەم حکومەتە:1

.1رێکخستن و رێبەری کردنی بزووتنەوەیەکی ئاشتیخوازانە، لەسەر بناخەی خەباتی نەرێنی نەتەوەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان دژ بەزوولم و زۆر، وە سیاسەتی داپلۆسینی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا.

.2نیشاندان و خستنەڕووی توانا و لێهاتوویی حکومەتی دیفاکتۆ لەگۆرەپان و مەیدانی کردەوەدا. ئەو تووانایە ئەگەری گونجاو دەخوڵقێنە بۆ ئەوەی حکومەتی دیفاکتۆ وەک جێگرەوەی سیستمی بەڕێوەبەریی دەوڵەت لە رۆژهەلاتی کوردستان بنرخێندرێ. لەلایەکی دیکەوە حکوومەتی دیفاکتۆ هەوڵدەدات بۆ رەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بۆ کردەی دیپلۆماسی و میکانیزمی هێنانەگۆڕی کەش و بەستێنی دیالۆگ و دانووستان لەپێناوی چارەسەرکردنی پرسی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان. جێگای باسە، کەحکومەتی ئاماژەپێکراو بێجگە لەو ئەرکانە، لەپێناو چەسپاندنی ماف و رەوایەتی ویستی کوردەکان لەمەیدانی بەرین و لەناۆ نیهادگەلی خاوەن بڕیار تێدەکۆشێ.

.3سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی هەموو میکانیزم و ماف و یاسا نێونەتەوەییەکان، بۆ وەدەستهێنانی رەوایەتی ناوچەیی و جیهانی. دیارە خۆشکردنی بەستێنی دەستەبەرکردنی مافی خۆبەڕێوەبەردن و رەوایەت بەخشین بەو مافە لەئاستە جیاوازەکاندا، یارمەتیدەری جێبەجێ بوون و ماتریاڵیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستانە.

.4کارکردن و تێکۆشان لە ئاستی کۆمەڵگای جیهانی بەمەبەستی راکێشانی سەرنجی جیهانی دەرەوە بۆ پرسی کورد و رەوایەتدان بەحکومەتی دیفاکتۆ. لەو رێگایەوە دەکرێ سوود لەهەموو بوارەکان وەربگیرێ و پاڵپشتی نێونەتەوەیی مسۆگەر بکرێ. لەئەگەری دەستپێکردنی پڕۆسەی دیالۆگی نێوان لایەنەکان و دەسەلاتی ناوەندی بو چارەسەرکردنی ئەو پرسە

ئاڵۆزە لەڕێگای دیالۆگ و نەخشەڕێگای ئاشتیەوە، حکومەتی تێپەڕو ئینتیقالی، دەتوانێ ئەرکی ئیدارەکردنی جوغڕافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستەوەبگرێ. حکومەتی دیفاکتۆ لە ڕەوتی وتوێژ و دیالۆگی ئاشتیدا خۆی بەبەرپرس دەزانێ وەلەم راستایەدا لەپێناو سەرخستنی پرۆسەی چارەسەرکردنی پرسی کوردی ڕۆژهەلات بێوچان تێدەکۆشێ و بەخاوەن بەڵێن دەزانێ.

.5بەشداریکردن لەرێفراندۆم وەک درێژەی تێپەڕکردنی قۆناخی چارەسەرکردنی پرسی کورد و نەتەوەی کورد لە ڕۆهەڵاتی کوردستاندا. نەتەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا دەتوانێ لەسەر بناخەی مافی ڕەوا د،ا لەپرۆسەی رێفراندۆمدا بەشدار بێ. نەتەوەی کورد لەو رێفراندۆمەدا لەسەر چۆنیەتی و شێوازی مانەوە لەنێو چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا بڕیار دەدا.

.6دوای تێپەڕکردنی هەنگاو و قۆناخەباسکراوەکان، لەپێناوی جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە شکڵ و شێوازی بڕیار لەسەردراودا، کە کۆمارێکی دێمۆکڕاتیکە، پرسی ئاڵوگۆڕ لەحکومەتی دیفاکتۆ دێتەگۆڕێ. لەئاکامی گەیشتن بەرێگایەکی چارەسەر و رێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی لەئێراندا، حکومەتی دیفاکتۆ لەدیاسپۆراوە بەرەو کوردستان دەگواسترێتەوە. لەو قۆناخەدا بەسوودوەرگرتن لە میکانیزمی دێموکڕاتیک و تێپەڕبوون لە پرۆسەیەکی دێمۆکڕاتیک و بەبوونی سیستمێکی فرەحیزبی، بەستێنی هەڵبژاردنەکانی پارلەمان و دامەزراندنی حکومەتی نوێنەرایەتی لەرۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەدەکرێ.

ناوی بزوتنەوە

ماددەی یەکەم: ناوی بزوتنەوە، بزوتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستانە

ماددەی دووهەم: بنەمای فیکریو فەلسەفی بزوتنەوەلەسەرئەم خاڵانەی خوارەوە دامەزراوە:

.1ئازادیی و عەداڵەت 2. کۆمارییەت و دەسەڵاتی خەڵک 3. گەشەسەندن و ئاڵوگۆڕەکۆمەڵایەتییەکان. 4. ئاشتی و ئاسایش، وە هاوژینی بەئاشتی

ماددەی سێهەم: ستڕاتیژی و ئامانجی بزووتنەوە:

.1ستراتیژی یەکدەنگیسازی، هەوڵدان بۆ خوڵقاندنی یەکدەنگی و هاودەنگی نەتەوەیی لەسەر بناخەی پاراستنی فرەڕەنگی کۆمەڵگای کوردی، لە خاڵەستڕاتیژیەکانی بزوتنەوەکەمانە. ئەکتیۆ کردنی تاکی کورد و ئاشناکردنی تاک و کۆی نەتەوەکەمان لەگەڵ باوەڕەنەتەوەییەکان و گەیشتن بە بیر و هزری نەتەوەیی لەرێکار و میکانیزمەکانی گەیشتن بەستڕاتیژی بەئەژمار دێن.

.2سیاسەتی سەروەیسازی، سیاسەتی وەدەستهێنانی مافی دەسەڵاتی سیاسیی و سەرلەنوێ خوێندنەوەی مانا و هەوێنی نەتەوەو کۆمەڵگا. بۆ

سەر خستنی ئەو سیاسەتە چەسپاندنی ئەسلی هاریکاری نێوان لایەنەکان بەمەرجی کاریگەر دەژمێردرێ. وەگەڕخستنی هێز و وزەی نەتەوەیی لەپێناوی دەستەبەرکردنی مافی هەبوونی دەسەڵات و سەروەری سیاسیی.

.3سیاسەتی نەتەوەیی، سەرەڕای بوونی وزەو هێزی چەسپاندنی شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی لەرۆژهەڵاتی کوردستان، لەبەرچاوتەنگی و سیاسەتی دوژمنکارانەخۆدەبوێرێ. بزوتنەوە تێدەکۆشی بڵاوکەرەوەو هەڵگری پەیامی ئاشتی و پێکەوەگونجان بێ. پەیامێک، کە لەدرێژخایەندا بۆ چارەسەرکردنی زۆر پرسی دیکەی ناوچەسوودی دەبێ.

.4سیاسەتی نەتەوەسازی، پشتگیریکردن لە توێژینەوە و پەرەپێدانی زانست و زانیاری و پاڵپشتی کردنی گەنجینەو بوارەئەرێنیەکانی نەتەوەی کورد،بەشێک لە سیاسەتی بزوتنەوەکەمانە.

.5، ئامانجی ستراتیژیک، دەستەبەرکردنی سەروەری سیاسی و نەتەوەیی واتە مافی دەسەڵاتی سیاسیی بۆ نەتەوەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەئامانجی بزوتنەوەپێناسەدەکرێ. ئەو مافە لەسەر بنچینەو بناخەی "مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینی گەلان لە شکلی مووەکینی خۆیدا" و لەچوارچێوەی هەلومەرجی سەردەم چەقدەبەست (مەبەست لە شکڵی مووەکین و گونجاوی مافیدیاریکردنی چارەنووس قۆستنەوەی دەرفەت و هەلومەرجی گونجاوە، کە رەخسێنەری دەستەبەربوونی مافی چارەی خۆنووسین لە یەکێک لەو چوار شێوازانەدا دەبێ. ئەو چوار شێوازەبریتین لە لە: 1.خودگەردانی. 2.ئوتۆنۆمی. 3.فێدراڵی. 4. سەربەخۆیی.

ماددەی چوارەم: پێکهاتەی رایەڵکەیی بزووتنەوە

رێکخستنی بزووتنەوە لە شیوازی پێکهاتەی رایەڵکەی کۆمەلایەتیە(شبکە اجتماعی). بزوتنەوە لە قەوارەی سانتریاڵیزم سوود وەرناگرێ و خاوەن پێکهاتەیەکی کراوە و ئاسۆیی دەبێت. بزوتنەوە هەوڵدەدا لەرێگای سوودوەرگرتن لە کۆد و ژمارەی دیاریکراو، هەموو پێکهاتەکانی بزوتنەوە پێکەوە ببەستێتەوە. پێکهاتەی رایەڵکەی کۆمەڵایەتی (نیزام و سیستمی کۆمەڵایەتی خاوەن قەوارەی رایەڵکەیی)، لەسەر ئاستی پێکگەیاندنی پێکهاتەو رێکخستنەکانی بزوتنەوە لەنیزامی خۆبەڕێوەبەری خاوەن ئۆتۆنۆم کەڵک وەردەگرێ. بزووتنەوە خاوەن قەوارەی لامەرکەزییە، بەۆمانایە کە گشت لایەن و پێکهاتەکانی بزووتنەوە،کە بریتین لە شوورا و کۆمیتەکان لەچوارچێوەی سیاسەتی گشتیی بزوتنەوەدا خاوەن بریارن. چالاکوانانی شووراگەلی بزوتنەوەکەمان لەچوارچێوەی سیاسەتی بەڕێوەبەریدا دەتوانن، لەرێکخراوەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەندام بن. بزوتنەوە خاوەنی شوورای هاۆئاهەنگی و رێکخستن و بەڕێوەبەرییە، کە لەبواری رێکخستن و هاۆئاهەنگ کردنی ریتمی کار و تێکۆشانی نیهادگەلی پەیوەست بە بزووتنەوەدا چالاکی دەنوێنێ، و لەم راستایەدا ئەرکی چاوەدێری کردنی تێکۆشانی گشتیی چالاکوانانی بزووتنەوە ئەنجامدەدات، ئەم شوورایە وەک خاڵی پێوەندی نێوان پێکهاتەکانی بزوتنەوە رۆل دەگێرێت و لە بەرەوپێشبردنی سیاسەتی سەرەکی بزوتنەوەدا کار دەکا.

ماددەی پێنجەم: مێتۆد و شێوازی خەباتی بزووتنەوە لە پێناو دابینکردنی ئامانجی ستراتیژیکی بزووتنەوە

خەباتی ئاشتیخوازانە و دوور لەگرژی و رادیکاڵ، لەمێتۆد و شێوازەکانی خەبات لە پێناوی دابین کردنی ئامانجی ستراتیژی بزوتنەوە بەئەژمار دێ. ئۆرگانیزەکردنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک و نافەرمانی مەدەنی کە هەڵگری پەیامی مافخوازی و مافی دەسەڵاتی سیاسین لەشکڵ و شێوازی خەباتی بزوتنەوەکەمان دەبن. بزوتنەوە لە چوارچێوەی سیاسەتی "بەرگری رەوا" دا، مافی خۆ پاراستنی رەوا بۆخۆی دەپارێزێ. ئەگەر پەیامی ئاشتیخوازانە و مافخوازنەی بزوتنەوە لە لایەن نیزامی دەسەڵاتدارەوە بەتوندوتیژی وڵام بدرێتەوە، بزوتنەوە بەناچار و دوور لە ئیرادەی و پەیامی ئاشتخوازانەی، هێزی بەرگری رێکدەخات. لەوەها حالەتیکدا، بزوتنەوەکەمان لە پێناو پاراستنی جوڵانەوەی مافخوازی و رامکردنی نیزام بۆ گەراندنەوەی بۆ رەوتی سیاسەتی تەعامووڵ نەک تەقابووڵ، هێزی بەرگری نەتەوەیی (میلیشیای کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان) پێکدێنێ.

لە چوارچێوەی شێوازی خەباتی ئاشتیخوازانەدا، خەبات لە پێناوی بەرۆژکردنەوەو زیندوو کردنەوەی کۆماری کوردستان لەگشت ئاست و گۆرەپانەکاندا بەرێوەدەچێ. ئەم خەباتە بێگومان کۆسپ و تەگەرەی دێتەسەر رێ. بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوە بەرامبەر بە دوژمن و نەیارە دەرەکی و نێوخۆییەکان پێویستمان بەیەکگرتوویی و هاوخەباتی هەیە. خەباتی ئەمجارە پێویستە لەهەموو ئاست و بوارەکاندا بەرێوەبچێ. زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەسەرمایەی سەرەکی ئەو خەباتە بەئەژمار دێن. ئەم خەباتە پێویستی بە هێز و وزەی یەکگرتوو، چالاک و ئەکتیو لەئاستی تاک، کۆ و گروپەوە هەیە. ئەم پرۆژەیە بەتەنیا بەخەباتی دەستەو ژمارەیەکی کەم لە نووخبە و بژاردەکانی کۆمەڵگا سەرناکەوێ. مەرجی گەیشتن بەئامانجە رەواکانمان بەشداربوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەریزی پێشەوەی خەبات و بەرخۆدان دایە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەخۆرێکخستن لە شوورا و ناوەندگەلی جۆراجۆر دا(شووراکانی: بنەماڵە، پیشە، ئایینی، توێژ، گوند و شار و عەشیرەتە خەباتگێرەکانی کوردستان) دەتوانن کاریگەر و ئەکتەری جواڵانەوەیەکی بەرین و رەوا بن. بەمرچەشنە لەژێر ناوی جۆراوجۆردا و بەهاوکاری بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان، هەموو لایەک وەک ئەرکی نەتەوەیی لەپرۆسەی خەباتی رزگاریخوازنەدا بەشدار دەبن. پرسی نەتەوەی کورد مافی دیاری کردنی چارەنووسە، کەبەگوێرەی سروشتی ژینگەو ژێردەستەبوونی خاک و نەتەوەکەمان هەمووومان دەگرێتەوە. بەشداریکردنی تێکڕایی کوردەکان بە گوێرەی توانا و ئەگەرەکانی ژیانیان لەم پرۆسەیەدا، بەمەرجی سەرەکی چارەسەرکردنی پرسی کورد پێناسەدەکرێ. بزووتنەوە بەمەبەستی جێبەجێ بوونی پرۆژەی دەستەبەربوونی مافی دەسەڵاتی سیاسیی و رزگاربوون لەبندەستی، بانگەوازی هەموو لایەک دەکا. پراکتیزەکردنی پریار و تەنانەت خەونە نەتەوەییەکان گرێدراون بەئەرک و تێکۆشانی تێکڕاییمان. لەمبووارەدا رێکخستن و دامەزراندنی شووراکان بەسەرەتای کرداری نەتەوەییمان دەنرخێندرێن. مامۆستایانی ئایینی و قوتابخانەکان لەریزی پێشەوەی ئەو خەباتەدان. ئەوان دەتوانن مزگەوت و قوتابخانەکان بکەنە دوو ناوەندی بەهێز بۆ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی هزر و باوەڕی نەتەوەیی. پرسی گەڕانەوە بۆ کۆمار و بەرۆژکردنەوەی کوردایەتی هیچ سنوورێکی نییەو لەگەڵ

هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا دەگونجێ.

نەوەی کۆن و خاوەن تاقیکاری بەسوودوەرگرتن لە هەلومەرجی سەردەم، ئەزموون و زانیارییەکانی سەردەمی کۆمار و ئامانجەپیرۆزەکانی ئەو قۆناخەلەمێژووی نەتەوەکەمان بۆ نەوەی تازەبگوازنەوە. لەو رێگایەوەگیانێکی تازەبەپەیکەری خەبات بۆ دەستبەرکردنی مافی نەتەوەیی و مافی بوونی دەسەڵاتی سیاسییدا دەکرێتەوە. ئاشناکردنی نەوەی تازەلەگەڵ کۆمار و بیرۆکەی رزگاریخوازی لەژێر تیشکی مێژووی درەۆشاوی کۆماردا لەئەرکەگرینگ و پیرۆزەکانن.

لاوان هێزی بەتوانا و خاوەن هزری خوڵقاندن و ئاڵوگۆڕن. بوونی لاوان لەرێچکەی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە نیشتمانی و نەتەوەییە بەمەکۆی کۆکردنەوەی هێز و وزەی کۆمەڵگا پێناسەدەکرێ. لاوەکان بەخۆرێکخستن و پێکهێنانی شوورا و کۆمیتەی تایبەت لەچوارچێوەی بزوتنەوەی کۆماریخوازییدا دەبنە دینەمۆی بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن. ئەوان بەتێکەڵبوون و رێبەرایەتی کردنی خەباتی نافەرمانی مەدەنی و نەرێنی گەلەکەمان دژ بە سیاسەتی داپلۆسین دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان گەرم و گوڕتر دەکەن. گرینگ ئەوەیە، لاوانی کورد بەدوور لەدەمارگرژی و لەمیکانیزمی گونجاو لەسەر چەسپاندنی مافی رەوای نەتەوەکەمان پێداگری بکەن. داهاتوو و دواڕۆژ لە دەستی لاوەکانی ئەمڕۆ دایە. لەروانگەی کۆماری کوردستان لاوەکان بەهێز و پێشمەرگەی بەڕێوەبەردنی دواڕۆژی کۆمەڵگای کوردیی دەخەملێندران. تێڕوانینی گرینگی کۆمار لەسەر هێز و وەزەی لاوان، هاندەری کۆماری کوردستان بوو، بۆ ئەوەی ژمارەیەک لەلاوەکان بەمەبەستی پەروەردەکردن رەوانەی دەرەوەی کوردستان بکات.

لە سایەی کۆماری جوانەمەرگدا، نەتەوەی کورد خاوەنی کۆمەڵێک سیما و هێمای ناسراو و چەسپاوە. ئاماژە و هێمای ئەو سەمبول و رەمزانە، لەهەوێنی پەیامی بزوتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستاندا رەنگی داوەتەوە. یەکێک لەو هێما گرینگ و خاوەن بایەخانە، ئاڵای سێ رەنگی کوردستانە. کەڵکوەرگرتن لە ئاڵای کوردستان وەک هیمای نەتەوەیەک، کەبە دوای کۆمار و دەستەبەرکردنی مافی دەسەڵاتی سیاسیی، خاوەنی مێژووی خەباتێکی دوور ودرێژە لەئاست پاراستن و بەشەکاوەراگرتنی، کارێکی شیاوە. بەکارهێنانی ئەو ئاڵایەو دیاربوونی لەژیانی رۆژانەدا و لەهەر جێگەیەک کەئیمکانی هەیە، کاناڵێکی کارساز و کاریگەر لەپرۆسەی نەتەوەسازی بەئەژمار دێ. ئەم دیاردەیە لەپرۆسەی کولتووری نەتەوەسازی و هەوێنکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و زیندووکردنەوەی ئامانج و باوەڕەکانی کۆمار لەنێو نەتەوەکەماند،ا رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێ. بێجگە لەوە لەپەرەپێدانی کولتووری وشیارکردنەوەی تاک و کۆمەڵی کۆمەڵگای کوردیی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا دەور و نەخشی بەرچاو دەگێڕێ. لەئەنجامدا نەیار و دۆستەکانمان زیاتر و چڕتر لەگۆڕەپانی ژیانی رۆژانەدا دەبینن و دەبیستن، کەپرسی کورد پرسی سیاسی سەروەری وشەکاوە راگرتنی ئاڵای سێ رەنگیەتی. بۆیە لەئاکامدا بەدوور لە ئیرادەی نەیاران و ناحەزان، ئەم پرسە دەبێتەپرسی رۆژ و هەوڵدان بۆ شاردنەوەو سەرکوتکردنی سوودێکی نابێ.

داڕشتنەوە و پتەوکردنی کولتوور نەتەوەیی بەکارێکی بنچینەیی دەژمێردرێ. پەرەپێدانی کولتووری خۆناسی و ماف ویستی لەبەرزکردنەوەی هەست و

گیانی کوردایەتی کوردەکاندا شوێندانەر دەبێ. ئەگەر پێکەوە قۆلی تێکۆشان لەپێناو پراکتیزەکردنی باوەڕە نەتەوەییەکان هەڵماڵین، بێگومان بەکەمترین خەسار و هەزینە گەورەترین بزوتنەوەی سەروەریسازی بۆ رۆژهەلاتی کوردستان دەستەبەر دەکەین. سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەسەرخستنی ئەو ئەرکە پیرۆزەدا کاریگەرن. لەئەگەری ئامادەنەبوونی ئەکتەری نەتەوە لە گۆرەپان و مەیدانی سەرەکی خەبات و بەرخۆدان دا، ماف و ویستەکانمان دەستەبەر نابن. نەتەوەکەمان دەبێ بەکەڵکوەرگرتن لەئەزموونی گەلانی سەربەست و ئازادی دنیا بەو ئاکامەگەیشتبێ، کەخاک و مافی نەتەوەیی لەگەرەوی داوکاری نەتەوەیەکدا مسۆگەر دەبن. با بۆ دەسپتێکی وەرزی نوێ لەتێکۆشان ئایین و زانست ببنە پاڵپشتی ناسنامەی کوردان و بەشێک لەچارەسەری پرسی نەتەوەیەک، کەزۆردار و نەتەوەسەردەستەکان بەشێواز و مێتۆدی جیاواز بەردەوام هەوڵیانداوە هەوێنی بوون و هەرمانی لێ زەوت بکەن. رزگاربوونی نەتەوەیەک ئەرکێکی بەردرێژ و گرانە، کەپێویستی بەبەڵێن و بەرپرسیارەتی تێکڕاییە. کوردەکان بەوانەوەرگرتن لەپێشەوای خۆیان فێری بردنە سەری وەفا و بەڵێن کراون. پێشەوایەک کەبەچوون بۆ سەرداری سێدارەبەکردەوە وەفای خۆی بۆ کۆماری کوردستان و هاوڵاتیانی نیشتمانی کۆمار دەرپری. پێشەوا یەکێک لەو سەمبولانەی نەتەوەی کوردە، کەوێنەی لەنێو کورد و نەتەوەکانی دیکەدا دەگمەنە. نەتەوەکەمان و نەوەی ئەمرۆ بەوانەوەرگرتن لەخەباتی گەلانی دیکەو بوونی پێشوایەکی خۆبەختکەر دەتوانن لەریزی گەلانی دیکەی جیهاندا سەربەرز راوەستن. بۆ گورینی ئەو ژیانەو ئەو مێژوویە یەکگرتوویی لەباوەڕ و وتەو کرداردا مەرجی سەرەکین. مافی چارەنووس لەئاکامی خەباتی تێکڕایی و بەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی دەستەبەر دەبێ. گۆرانی ئامانجدار و گەیشتن بەئامانجەکان پێویستیان بەئەکتەر و هێزی هەڵسوورێنەرە. هەرەوەزی سیاسیی بەتەنیا رێگاچارەی پرسی کورد بەئەژمار دێ و تەنیا دەرمانێکە، کەچارەسەری نەخۆشی بەردرێژی ژێردەستیی و چەوسانەوە دەکا.

وەلانانی دروشمی لەنێوچوون و روخاندن لە بەرنامەی سیاسی بزووتنەوەدا

دەسەلاتدارەیەتی ئێران بە درێژایی مێژووی دامەزرانیەوە بەرامبەر بە داواکانی کوردستان زمانی زبرو توندوتیژی بە کار هێناوەو ئەمەش لە کوردستان کاردانەوەی توندی لێکەوتووەتەوە کە تا ئیستا ئەو ململانییە درێژەی هەیە. بە درێژایی سالانی رابردووو کوردستان جیگای ململانیی چەکداری حکومەتو پێشمەرگەکانی بووەو ئەمەش بە زیانێکی گەورە بۆ سەر خەلکی کوردستان شکاوەتەوە.

بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان لە گەڵ ئەوەی داوا لە حکومەتی ناوەندی دەکات بە شیوازی دیالۆگو ئاشتیانە بە دەنگ داخوازیەکانی کوردستانەوە بێت، هاوکات وەک بزووتنەوەیەکی مەدەنی رێگای دیالۆگو زمانی هاوپەرخو گفتوگۆ بەرامبەر بە حکومەتی ناوەندی دەگریتە پێش و لە هەر چەشنە کار و چالاکی توندی سەربازی کە ببێتە هوی زیان پیگەیاندن بە خەلکی کوردستانو داوا رەواکەی دووری دەکاتو پێی وایە داواکاریەکانی خەلکی کوردستان تەنیاو تەنیا لە رێگای دیالۆگو ئاشتیەوە دەستەبەر دەکرێت.

لێرەدا کاری بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان دژایەتی هیچ حکومەتێکی ناوەندی نیە بەلکوو بزووتنەوە هەوڵدەدات تێکۆشانی سەروەریسازی چینو توێژی گەل لەراستای دۆزینەوەی رێگا حەلێکی دێمۆکراتیک و ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان ئۆرگانیزە بکات، هەر بۆیەشە لەبەر تیشکی ئەم خوێندنەوەیە،

بزوتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لەرێگای دیالۆگ ئامادەیە، تابەلکوو لەبەستێنێکی کراوەو مرۆڤانەدا داهێنەری خەباتێکی تازەبێ. بۆیە لەم راستایەدا بە مەبەستی نێشاندانی سیمای ئاشتیخوازی و گەیاندنی پەیامی رەواو مافخوازانە لەبەردەم نەیار و دۆستەکانماند،ا دروشمی روخانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەرنامەی کاری سیاسیی بزوتنەوەدا ناگونجێنین. هەرئاواش لەم کاتەدا داوا لە هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لەگۆرەپانی خەبات دەکەین، کە دروشمی روخانی کۆماری ئیسلامی لەپرۆگرامی سیاسیو ئەجیندای کار و چالاکیەکانیان وەلابنێن. بەباوەڕی ئێمە دروشمی روخان نەک هەر سەرئێشەی بۆ حیزب و لایەنەکان دروستکردوە، بەڵکوو هۆکارێک بوە بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان لەلایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە. بوونی ئەو دروشمەهەلومەرجێکی خوڵقاندوە، کەبۆ رێژیم بەرواڵەت رەوا بووە کوردستان بەشێوازێکی دڕندانەبخاتەژێر پەلامار و هەڕەشە. لەکەشو هەوا و دۆخی نائەمنی کوردستاندا بەرپرسانی رێژیم تەنانەت لەکوشتنی خەڵکی بێدیفاع دەستیان نەپاراستوە. لەروانگەی ئێمە ئەو دروشمە بۆتە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم خەباتی مەدەنی و نافەرمانی مەدەنی نەتەوەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا. بزووتنەوەمان پێوایە دروشمی روخان دەگەڵ فەلسەفە و شێوازی خەباتی سیاسی و مەدەنی ناگونجێ. لەبەر تیشکی ئەم خوێندنەوە و لێکدانەوەیەدا بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان دروشمی روخانی نیزامی ئێران لە بەرنامەی سیاسی هەنووکەیی خۆیدا ناگونجێنێ. و هەربۆیەشە لەپێناوی نەهێشتنی بەهانەی قەڵغانی ئاسایش و سپەری ئەمنییەتی لەکوردستاندا، لابردنی دروشمی روخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران بەکارێکی پۆزیتڤ وئەرێنی دەزانین. بەمجۆرەبەهەموو لایەکمان بەستێنی سەرگرتن و پەرەگرتنی خەباتی تێکڕایی و مەدەنی لەشار و گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرینتر دەکەین. لەو رێگایەوەخەڵکی زیاتر تێکەڵ بەخەبات دەبن و تێکۆشان لەژیانی رۆژانەی خەڵکدا رەنگ دەداتەوە. بزووتنەوە پێوایە کار بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئاسایش، ئەرکی گشت لایەکمانە، خەلک لە کەشوهەوای پر لەئاشتی و ئاسایش دا دەتوانن کار، کەسابەت، خوێندن، گەرانو خۆشگووزەرانی، سەفەر و هاتووچۆی خۆیان وەک خەلکانی عادی ئەنجام بدەن، و لەپال ئەمانەشدا خەلک بەبێ ترس، چلاکی مافخوازانەیان لەپێناو دەستەبەرکردنی مافی خۆبەرێوەبەری خۆجەیی، واتە چالاکی لەپێناو دەستخستنی سەروەری سیاسی و نەتەوەیی ئۆرگانیزە بکەن.

هەڵوێستی بزوتنەوە بەرامبەر بەسیستمی حیزبیی و ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان

بزوتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان، خۆی بە دژبەر، جێگرەوە و ئاڵترناتیڤی حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نازانێ. هەموو لایەنەکان دۆست و هاوخەباتی ئێمەن و بۆ سەرخستنی پرۆژەی

دەستەبەرکردنی مافی دەسەڵاتی سیاسیی هەموویان بەهاوکار پێناسەدەکەین. لە سەرەتای ڕاگەیاندن و ئاشکراکردنی تێکۆشان و کردەی سیاسییدا، دەستی دۆستیو هاوکاری بۆ لای سەرجەم حیزب و ڕێکخراوەکان درێژ دەکەین. لەچوارچێوەی دامەزراندنی پێوەندییەکی پەتەو و هاوتا لەگەڵ ئەکتەرە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بزوتنەوەکەمان هەنگاوی یەکەم هەڵدەگرێ. لەئاستی کوردستانی گەورەدا و لەگەڵ پارت و ڕێکخراوی پارچەکانی دیکەدا لەپێوەندی و هاوکاریدا دەبین، بەڵام قورسایی کار و تێکۆشان و پێوەندییەکانمان لەرۆژهەڵاتی کوردستانە.بۆ سەرخستنی بیرۆکەی کۆکردنەوەی ڕێکخراو و پارتەسیاسییەکان ئامادەی هاوکاری بەکردەوەین و لەریزی پێشەوەی ئەو ڕێکخراوانە دەبین، کەبۆ خوڵقاندنی بەستێنی تێکۆشانی هاوبەش هەنگاو هەڵدەگرین.

هەڵویستی بزوتنەوە سەبارەت بە ڕەوتی خەباتی مەدەنی لەنێوخۆی وڵات

بزوتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە چوارچێوەی ستڕاتیژی خوڵقاندنی هەلومەرج و دەستەبەربوونی سەروەری سیاسی و باوەڕی قووڵ بە ڕێگاچارەی سیاسی، شێوازی "خەباتی مەدەنیو نافەرمانی مەدەنی"، بە گونجاوترین شێوازی خەبات بۆ ئێستای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ. کەڵوەرگرتن لە مێتۆدی ئاماژەپێکراو بەشێوەیەکی ئامانجدار و پلان بۆ داڕێژراو دەرفەت و هەلومەرجی گونجاو بۆ دیالۆگی نێوان کورد و دەسەڵاتی ناوەندی دەخوڵقێنێ. بزوتنەوەکەمان دەسکەوتەکانی ڕەوتی هەنووکەیی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەرز دەنرخێنێ، بەڵام ئەم ڕەوتە توانا و وزەی چارەسەرکردنی پرسی کوردی نییە. لەروانگەی بزوتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە خەباتی ناسراو بەخەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەلاتی کورستان پرش و بڵاوەو بەگوێرەی لێکدانەوەکان ناتوانێ وڵامدەری پرسی ناسنامەی نەتەوەکەمان بێت. لەئەگەری تێکەڵبوونی ئەکتەرە سەرەکییەکانی خەبات بەبزوتنەوەی نێوخۆیی، بەستێنی تێکۆشان دەگۆڕێ و باڵی نەتەوەیی سووکانی ڕەوتی تێکۆشان بەدەستەوەدەگرێ. بزوتنەوەلەژێر تیشکی لێکدانەوە و پێداچوونەوە لەسەر چۆنایەتی و چەندایەتی جوولانەوەی نێوخۆیی خەڵکی کوردستان، بۆ گواستنەوەی داواکارییەکانی لەئاستی سینفی بۆ ئاستی نەتەوەیی تێدەکۆشێ. و هەولدەدات سەقفی متالەباتی بزوتنەوەی مەدەنی لە داخوازگەلی سێنفیو چەنددەنگی وە پەرشو بلاویی هەنووکەیی، بەرەو ئاستی داخوازگەلی گشتی و سەروەریخوازی نەتەوەیی دەرباز بکات و لەم ڕاستایەشدا، داوا لە گشت چالاکوانو نیهادگەلی گۆرەپانی خەباتی مەدەنی دەکات کە فەعالییەت و چالاکی خۆیان لەژێر سەقفی درووشمی " هەموو پێکەوە و یەکدەنگ بەرەو چەسپاندنی ئەسلی سەروەری سیاسی نەتەوەییمان" ئۆرگانیزە بکەن.

لەژێر چەتری تێکۆشان بۆ دەستەبەربوونی مافی سەروەری سیاسی و جوڵانەوەی گەڕانەوەبۆ بنەمافیکریەکانی کۆماری کوردستاندا، دەرفەت و هەلومەرجی گونجاو بۆ سەرجەم بزوتنەوە ڕەنگاوڕەنگەکانی دیکە دێتەکایەوە.

هەڵویستی بزوتنەوە بەرامبەر بە جوڵانەوەی سەوزی ئێران و مەلملانەی نێوان دوو باڵی فەرمانڕەوای کۆماری ئسلامی ئێران

ئەگەرچی بزوتنەوەی سەوز بەرەو کزی چووە، بەڵام بەتەواوەتی لەپەلوپۆ

نەکەوتوە. بزوتنەوی سەوز درێژەی ئەو زنجیرە بزوتنەوە و ناڕەزایەتیانەیە، کە ڕەگ و ریشەی بۆ سەردەمی شۆڕشی مەشرووتە دەگەڕێتەوە. بزوتنەوەی ناوبراو خاوەنی گووتار و پەیامێکی چەند لایەنەیە، بەڵام دەکرێ وەک بزوتنەوەیەکی لیبراڵ دێمۆکڕاتیک پێناسە بکرێت. زۆربەی داواکاری و ویستەکانی بزوتنەوەی سەوز لە بیرۆکەی لیبراڵیستی دا جێدەکرێنەوە. لەو بارەوە دەکرێ ئاماژەبە مافە سرووشتیەکانی وەک: مافی ژیان، ئازادی، خاوەنایەتی، پاراستنی مافی هاووڵاتیەتی،سەرکەوتنی کەرتی تایبەتی بەسەر گشتیی و هتد بکەین، کە هەوێنی باوەڕی لیبراڵیزم پێکدێنن. نێوەرۆک و هەوێنی داخوازییەکانی بزوتنەوەی سەوز و لایەنگرانی ئەو ڕەوتە بەشێوەیەکی رێژەیی لە گەڵ بنەماکانی لیبراڵیزم دەگونجێن. داخوازی و داواکارییەکان لەئاستێکی گشتیدا بریتین لە ئازادی، بوونی ئەگەر و مافی وەک یەک بۆ بەشداربوون لەپرۆسەی سیاسی، دەسەڵاتی خەڵک، دابەشکردنی دەسەڵات و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا. بەباوەڕی ئێمە بزوتنەوەی سەوز لەگەڵ ئەوەشدا کە خاوەنی تایبەتمەندی لیبراڵدێمۆکڕاتیکە، بەڵام ناکرێ بە جوڵانەوەیەکی خۆڕسک پێناسە بکرێ. بزوتنەوەی ئاماژەپێکراو هەڵگری پاشخانێکی مێژووییە، کە لە سەردەمی مەشرووتە تاکوو ئەمڕۆ بەتێکەڵاوبوون لەگەڵ کولتوور و داب و نەریتی ئێرانی و سوننەتی داڕشتنی سیاسەت لەئێراندا جۆشکراوە. ئەو بزوتنەوەیە هەڵقوڵاوی لیبراڵیزمی دۆکترینالە،کە جۆرەکولتوورێکی سیاسی بەرهەم هێناوە. ئەو کولتوورە بەخوڵقاندنی بەستێنی گونجاو، لەسەر پێکهاتەو نێوەرۆکی لیبراڵیزمی دێموکراتی ئێرانی (لیبراڵی، نەتەوەیی ئایینی و چەپی مام ناوەندەی) کاریگەری هەبوە.

بزوتنەوەی کۆماریخوازی لەسەر ئەوباوەڕەیە،کە رێبەرانی بەناو بزوتنەوە لەهەوڵدان، کە ڕەوتی جوڵانەوە بەرو گوتاری سەردەمی ساڵانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەرنەوە. ئەوان بەهێنانەگۆڕ و زەقکردنەوەی ڕەوتی بەناو" پەیرەوانی خەتی ئیمام خومەینی "، کەگۆیا لەلایەن پاوانخوازانەوە لەبیرکراوە، رووکار و هێڵە سەرەکی و ستراتیژییەکانی خۆیان بۆ هەموو لایەک ئاشکرا کرد. بەباوەڕی بزوتنەوەکەمان جوڵانەوەی سەوزی ئێرانی بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کەئاماژەیان پێکرا،ڕەنگە شایانی پشتیوانی کردن بێت. هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو جۆرەپاڵپشتی کردنە، سیما و تایبەتمەندی لێبراڵدێموکڕاتیکە. جێگای سەرنجە، کە بزوتنەوەی کورد وەک بزوتنەوەیەکی میللیدێمۆکڕاتیک خاوەن ناسنامەی دیار و پاشخانێکی نەتەوەییە. بزوتنەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئەو تایبەتمەندیە دیار و گرینگە، پێویستە لەهەموو سەردەمەکاندا ناسنامەو هەلومەرجی تایبەت بەخۆی بپارێزێ. بزوتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان بەمافی خۆی دەزانێ، کە لەژێر دروشمی "هەموو پێکەوەبەرەوەچەسپاندنی بنەمای دەستەبەربوونی دەسەڵات و سەروەری سیاسیی نەتەوەکەمان" وەک جێگرەوەو ئاڵترناتیڤی جوڵانەوەی سەوزی ئێرانی لە رۆژهەلاتی کوردستان خۆی پێناسەبکات.

لەتێڕوانینی بزوتنەوەی کۆماریخوازەوە سەرانی جوڵانەوەی سەوزی ئێران، خوازیاری ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەی یاسای بنەرەتی ئێران دان. بەواتایەکی دیکە ئەوان باسێک لەروخان و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ناکەن. گۆڕانی ئەوان لەپێناوی مانەوەی نیزام و هێشتنەوەی قەوارەی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران لەشکڵ و فۆرمی هەنووکەیی دایە. ئەوان بەپشت بەستن بەیاسای

بنەڕەتی وڵات هەوڵی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی ڕواڵەتی دەدەن. دیارە کە لەچوارچێوەی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا دەستاوەدستی دەسەڵات لەنێوان ڕێبەرانی باڵی سەوز و دەسەڵاتدا دەستەبەر دەبێ، بەڵام ئاڵوگۆڕێکی کاریگەر و کارساز نایەتەکایەوە.

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بەپارێزەوەلەگەڵ بارودۆخی ئەو بزوتنەوەیە هەڵسوکەوت بکا. تێکەڵبوون بەم بزوتنەوەیە بەمانای ڕاگەیاندنی شەڕ بەرامبەر بەباڵی کۆنەپارێزی دەسەڵاتدارە، کەکوردەکان لەگەڵ چارەنووسێکی نادیار ڕووبەڕوو دەکا. بزوتنەوەی سەوز لەسەرەتاوە خاوەنی ڕوانگەی دیار و شەففاف بەرامبەر بە مافی گەلان و یەک لەوان نەتەوەی کورد نەبووە. بێجگە لەوە لەبەر نادیاربوونی چارەنووسی بزوتنەوەی سەوز، تێکەڵبوونی کوردەکان بەو بزوتنەوەیە هەڵگری دواڕۆژێکی ڕوون نییە. بزوتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیامی سەرانی بزوتنەوەی سەوز سەبارەت بەکورد و پرسی نەتەوەیی بەبێ نێوەرۆک دەزانێ. هەرچەندە جوڵانەوەی سەوز هەڵگری هیچ پەیامێکی پۆزیتیڤ بۆ نەتەوەکەمان نییە،بەڵام ئێمە سیاسەتی دژایەتی کردن بەرامبەر بەوان ناگرینەبەر. لەداهاتوودا لەسەر بنەمای هەڵوێست و ڕوانگەکان سیاسەتی خۆمان لەگەڵ بزوتنەوەی سەوز دیاری دەکەین. ئێمە پەیام و گەلاڵەی داخوازی دەستەبەربوونی دەسەڵات و سەروەری سیاسیی نەتەوەکەمان بۆ نەیارەکانیش ڕەوانەدەکەین (سەوزەکان و باڵی ئوسوولگەرا). هەڵوێستی پشتگیری بزوتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەرامبەر بەیەکێک لەو دوو باڵە پێوەندی بەهەڵوێست و سیاسەتی بەفەرمی ناسینی ڕەوایی گەلاڵەی دەستەبەربوونی سەروەری و دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەکەمانەوە هەیە. بەواتایەکی دیکە، بزوتنەوەکەمان پشتیوانی لەو باڵە دەکا، کەبەشێوەی فەرمی ئامادەیە، ڕەوایی و بەرحەقی مافی نەتەوەی کورد قبوڵ بکات.

شووڕای هاوئاهەنگی بزوتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سایتی بزووتنەوە:

www.komarixwaz.com

ئێمێل بۆ پەیوەندی و ڕەوانەکردنی ڕەخنە، تێبینی، پێشنیار، وە یان پێوەست بوونتان بە بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەلاتی کوردستان:

b.komarixwazi.r@hotmail.com

info@komarixwaz.com

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕێکخراو: ڕامیاری

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 66

## بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2012071411234572032

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | ژنان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 67

## بنگەهێ لالش

http://www.kurdipedia.org/?q=201003222055034022



دەستەیا بلند بارەگایێ وێ ل ناڤا باژێرێ دهۆکێ یە و ل سالا 1993 ێ هاتیە دامەزراندن، هەتا نوکە "9" تایێن سەرەکی هەنە و "16" نڤیسینگەه و ئێک نوونەری ل دەڤەرا پێشابووری هەنە و دگەل گۆڤارا لالش و رۆژناما "دەنگێ لالش" ژمارەکا زۆرا رۆژنامە و کوڤاران ژ گشت بنگەە و نڤیسینگەهێن وێ ل سەرانسەری کوردستانێ دەردکەڤن و پێتری "4" هزار ئەندامان هەنە.
سەرچاوە: ئیسماعیل تاهیر - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | رۆشنبیری |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 68

## بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ

http://www.kurdipedia.org/?q=200901231618101095

سەر بەرێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە و لەساڵی 1996ەوە دامەزراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ڕێکخراو: ڕۆشنبیری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 69

## بنکەی پەنابەرانی کورد (کیا(

http://www.kurdipedia.org/?q=20081219193139850

ساڵی 1996 دامەزراوە لەلایەن چەند کوردیکی نیشتەجیی شاری لەندەن، ماوەی سی ساڵ چالاکی بەردەوام بووە بەبی ئەوەی ئۆفیسی هەبیت، بەڵکو زیاتر پشتی بە کاری خۆبەخشی دەستەی دامەزرینەری ریکخراوەکە بەستووە، وە هەروەها خەرجی ریکخراوەکەش هەر لە ئەستۆی دەستەی دامەزرینەر بووە .

چالاکییەکانی بنکەی پەنابەرانی کورد، لە ساڵی 1996 و 1997 دا زیاتر لە دوو سۆنگەوە بووە:

-1هاوکاری پەنابەری کورد بووە لە لەندەن، چ لەڕیگەی وەرگیران و چ لەڕیگەی ئامۆژگارییەوە بۆ ئەو کەسانەی کە تازە دەهاتن، بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ پەنابەران بۆ ئەوەی دابمەزرین و شوینی خۆیان بکەنەوە لە کۆمەڵگای بریتانیادا.

-2لەڕیگەی سازکردنی بۆنەو ئاهەنگە نەتەوەییەکان و ئاهەنگی سەری ساڵ و کریسمس بۆ ئەو خیزانە کوردانەی کە لە لەندەن دەژیان .

ساڵی 1999، لە بەر زۆربوونی چالاکیەکانی بنکەی پەنابەرانی کورد"کیا" هەوڵدرا بۆ ئەوەی ئۆفیسی بۆ بگیریت و بواری چالاکییەکان فراوانتر بکریتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش خاتوو "ئاسیا رەمزی" وەک یەکەمین کۆئۆردینەیتەری خۆبەخش، ماوەی دووساڵ بە بەردەوامی گوژم و تینیکی زۆری بە ریکخراوەکە بەخشی. هەر لەم ساڵەشدا یەکەمین کارنامەی ریکخراوەکە لەلایەن کۆمیتەی بەڕیوەبردنی ریکخراوەکەوە ئیمزا کرا .

ساڵی 2000، بە بڕیاری کۆمیتەی بەڕیوەبردنی "کیا" بڕیاردرا بە فراوان کردنی بواری چالاکییەکان، بۆیە دەستکرا بە کارکردن بۆ لاوان و منداڵانی کورد لە لەندەن، بۆ ئەو مەبەستەش سەرەتای ساڵی 2001 پرۆژەیەک لەگەڵ ریکخراوی"کوردیش ئەسۆسیەیشن" گەڵاڵە کرا بۆ وتنەوەی وانەی زمانی کوردی بە منداڵان و گەنجانی کورد .

هەر لەهەمان ساڵدا مانگنامەی "پەیامی لاوان" بەچاپ گەیشت، ئەم مانگنامەیە تەقەلای بۆ کۆکردنەوەی لاوانی کورد لە لەندەن بوو لە لایەک وە لایەکی دیکە گەیاندنی دەنگی لاوان خۆیان بوو، ئەم پرۆژەیە ئاکامیکی گەورەی لیکەوتەوە، لاوانی کوردی دانیشتووانی لەندەن بە شادی و پەرۆشییەوە لە ئامیزیانناو هاوکارییان کردین بۆ بە چاپ گەیاندنی 6 ژمارە، هەر ژمارەیەکی بە تیراژی 2000 کۆپی کە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی بڵاودەکرایەوە .

هاوکات "کیا" چالاکی هاوبەشی لەگەڵ ریکخراوە ئینگلیزییەکانی سنووری "کینزینگتن و چیلسی" و هەندیک ریکخراوی تری وەک "ڕیفیوجی هاوسینگ ئەسۆسیەیشن" بەشیکی زۆری ریکخراوە کوردییەکان دا هەبوو، لەو ریگەیەوە ژمارەیەکی زۆر خانوو و شوین دەستەبەرکرا بۆ کوردیی بی شوین و ریگای دانیشتووی لەندەن. هەروەها رینمایی کردنی ئەو کەسانەی کە تازە دەهاتنە ئەم وڵاتە و شارەزای سیستمی خویندنی بریتانیا نەبوون لە لایەن "کیا"وە هاوکاری دەکران بۆ بەردەوامبوون لە بواری خویندندا .

وە ساڵانە بەشداری هەندیک بۆنەو ئاهەنگ و فیستیڤاڵی تری نیو سنووری "کینزینگتن و چیلسی"

دەکرا و چالاکی دەنویندرا بەتایبەت لە فیستیڤاڵی "پۆرتەبیلۆ"دا، لەم فیستیڤاڵەدا گرووپی برایانی زەهاوی و تیپی مۆسیقای منداڵانی هەڵەبجە و تیپی ریگا رۆڵیکی بەرچاویان بینی لە خستنە رووی هونەرو کولتووری رەسەنی کوردی .
چالاکیەکی تری گرنگی ئەو سەردەمە بریتی بوو لە پشتیوانی و هاوکاری بۆ دروست کردنی تیپی مۆسیقای کوردی (ریگا) کە کۆمەڵیک هونەرمەندی بەتوانا بەشداربوون تییدا، وە چەندەها چالاکیی بە هاوکاری تیپی ریگا لە بۆنەو فیستیڤاڵە گرنگەکانی بریتانیا بەڕیوەچوو، بۆ یەکەمین جار لە میژووی کۆمەڵگای کورد لە بریتانیا بەشیک لە بەرهەمی تیپی ریگا دۆکیومینت کرا لە پرۆژەیەکدا بەناوی "میوزیک ئین زە گرۆڤ" کە چەند گروپیکی جیهانیی تیدا بەشدار بوو، وە کۆپی ئەم دۆکیومینتە لە ئەرشیفی "بی بی سی" دا پاریزراوە .
کۆری ریزلینان بۆ گۆرانی بیژی کورد کاک حەمەی نیرگز گیرا بە هاوکاریی لەگەڵ دەزگای تابرنەکەڵ و چەند ریکخراویکی تری کوردیی نیو لەندەن وە بە بەشداری چەند هونەرمەندیکی کورد لەوانە، گوڵستان پەروەر و شەهین تاڵەبانی و ژاڵە و نەریمان سدیق و تارا جاف و حەمە جاف وە هەروەها هەردوو هونەرمەندی لیهاتوو و بەناوبانگی کورد ریبوار سەعید و عەلی مەندەلاوی .
ساڵی 2002 هاوکات کۆمەڵیک چالاکی گەورە بەئەنجام گەیشت لەوانە، کۆری ریزلینانی مامۆستا هاوار ئەم چالاکیانە بە هاوکاری بنکەی تابرنەکڵ بەئەنجام گەیشتن .
ساڵی 2003 بەڕیز دانـــا سەلام پەیوەندی کرد بە ریکخراوەکەوەو وەک کۆئۆردینەیتەری خۆبەخش هاوکاری فراوان بوون و گەشەکردنی چالاکیەکانی ریکخراوەکەی دا .
-ماوەی چوارساڵە"کیا" ئەندامی(Community Refugee Forum)ە کە نزیکەی 30 ریکخراوی جۆراوجۆری گرتۆتە خۆ .
-کیا بەشدارە لە پرۆژەی درووستکردنی کۆمیتەی هاوبەشی کوردی کە هەوڵ دەدات هەموو ریکخراوەکان لە ژیر یەک کەپردا کۆبکاتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | مەدەنی |
| وڵات: | دەرەوە |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 70

## بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و رۆژنامەوانیی کوردی

http://www.kurdipedia.org/?q=201005310943404339



لە شاری سلێمانی لە ساڵی 2004 دا لەلایەن شارەزایانی بواری ئەرشیف و بەڵگەنامەیی دامەزرێنراوە، و جگە لە کۆکردنەوە سەدان دەستنووس و بەڵگەنامە و وێنەی لەبارەی مێژووی میللەتی کورد و ناوچەکە، هاوکات زیاتر لە 170 رۆژنامە و گۆڤاریی لە لە ناوچوون پاراستوە و زیاتر لە 100 کتێبی ناوازەی نووسەران و زانایانی کوردی بە چاپگەیاندوە. مامۆستا رەفیق ساڵح بەڕێوەبەری بنکەکەیە، کە وتویەتی "کارمان لە بنکەکەدا دابینکردنی سەرچاوەی مێژوویی دەستنووسییە بۆ توێژەران و نووسەران و مێژوونوسان. ئامانجەکانی بنکەی ژین بریتییە لە کۆکردنەوە، پاراستن و لە چاپدانەوەی گۆڤار، رۆژنامە و بڵاوکراوەی کۆنی کوردی یان هی زمانی تری تایبەت بە کورد.
تەلاری بنکەی ژین کۆمەڵگایەکی رۆشنبیری هەمە لایەنە و پری 3 ملیار و

800 ملیۆن دیناری عێراقی تێچوە، و پێکهاتوە لە پێنج نهۆم کە چەندین هۆڵی تایبەت بە بوارە جیاجیاکانی وەک کتێبخانە، چاپخانە، کافتریا و هۆڵی کۆبوونەوەی 300 کەسی، هەروەها شانۆ و سینەمای تێدایە، هۆڵی فێرکردنی زمان، کۆمپیوتەر و شوێنی کردنەوەی پێشانگا و چالاکییە هونەرییە جیاجیاکانی تێدایە، هەروەک شوێنی نووستن و حەوانەوەشی لەخۆگرتووە.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | زانستی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 71

## بنکەی مەقام

http://www.kurdipedia.org/?q=200902251653341406

لە ڕێکەوتی 24/ 2/ 2008 لە شاری هەولێر، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانی دامەزراندنی درا، لەلایەن هەریەک لە هونەرمەندان "باکووری، حەسەن گەرمیانی، سەید ئەحمەد ڕەواندزی، نایف شێخانی، عوسمان شارباژێری، لالۆ ڕەنجدەر" کاری بۆ کراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | هونەری |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 72

## بنکەی هۆشیاری تەندروستی مەمک لە سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=200901271455421194

لەمانگی مایی 2007ەوە دامەزراوە و تاوەکو ئێستا پشکنینیان بۆ هەزاران ئافرەت کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | تەندروستی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 73

## بنکەی هێلینا بۆ منداڵە کەمئەندامەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=201001172031333294



ساڵی 1993 دامەزراوە و لە ساڵی 1996 بینای تایبەتی بۆکراوە و پێشتر لەلایەن منداڵپارێزی سویدەوە پشتگیری لێکراوە و لە ئێستاشدا لەلایەن وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پاڵپشتی دەکرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: خێرخواز

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 74

## بنکەی کەرکوک بۆ چارەسەرکردنی قوربانیانی ئەشکەنجە

http://www.kurdipedia.org/?q=20120322123141644 32

بنکەی کەرکوک بۆ چارەسەری قوربانیانی ئەشکەنجە رێکخراوێکە ناحکومیە، کاردەکات بۆ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤ و گرنگی دەدات بە قوربانیانی ئەشکەنجەو دەستدرێژی و توندوتیژی لە عێراقدا. هەوڵدەدەن کەسایەتییەکی بەهێز بۆ ئەو کەسانە بگەڕێننەوە کە لە توندوتیژی و ئەشکەنجەدان رزگاریان بووە، ئەمەش لەڕێگەی پێشکەشکردنی هاوکاری پزیشکی و دەروونی و یاسایی بێبەرامبەر.
بنکەی چارەسەرکردنی قوربانیانی ئەشکەنجە لەشاری کەرکوک لە ساڵی 2005 دا بەهاوکاری و پشتگیری بنکەی چارەسەرکردنی قوربانیانی ئەشکەنجەی شاری بەرلین دامەزراوە کە دامەزراوەیەکی ئەوروپییەو پێشەنگە لە گرنگیدان بەو کەسانەی لە ئەشکەنجەو مامەڵەی خراپ و جینۆساید رزگاریان بووە. بنکەی کەرکوک یەکەم بنکەی چارەسەرکردنی قوربانیانی ئەشکەنجە بوو لە عێراقدا. لەوکاتەوە توانیویانە هاوکاری هەزاران ژن و پیاوو منداڵ بکەن کە تووشی کارەساتی جۆربەجۆر هاتوون لە ژیانیاندا.

کارەکانیان

-دابینکردنی هاوکاری پزیشکی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بێبەرامبەر بۆ ئەو کەسانەی تووشی ئەشکەنجە و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بوونەتەوە.
-باشترکردنی لایەنی جەستەیی و دەروونی ئەو کەسانەی سەردانمان

دەکەن، هەروەها دووبارە گێڕانەوەیان کۆمەڵگا و خێزانەکانیان.
-پێشکەشکردنی چارەسەری پزیشکی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ منداڵان و کەسوکاری ئەو کەسانەی کە بەهۆی ئەشکەنجە، کوشتن و جینۆساید و پاکتاوی نەتەوەییەوە گیانیان لەدەستداوە.
-راهێنانەوەی کۆمەڵایەتی و دەروونی ژنان و منداڵانی ئەو خێزانانەی کە لەئەشکەنجەو ئەزموونی ناخۆش رزگاریان بووە.
-راهێنانی کارمەندانی تەندوستی کە ئارەزوومەندن لە یارمەتیدان و چارەسەرکردنی قوربانیان.
-رۆشنبیرکردنی کۆمەڵگا و ئەو کەسانەی خاوەن بریارن لە عێراقدا دەربارەی باری نالەباری قوربانیانی.
-هەوڵدان بۆ هێنانەکایەی کەشێکی لەبار کە تیایدا تێگەیشتن و رێزگرتن هەبێت بۆ مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا.
سەرچاوە www.kirkuk-center.org :

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| رێکخراو: | مافی مرۆڤ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 75

## بنکەی کەلەپوور و هونەری (ئەندێشەی ئەحمەدی خانی)

http://www.kurdipedia.org/?q=20130127230651753 87

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| رێکخراو: | کلتووری |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 76

## بڵاک دراگۆنز

http://www.kurdipedia.org/?q=20081220175343875

لە ساڵی 2006 دامەزراوە لەلایەن 5 گەنجەوە وە کەم تا زۆر توانیویەتی جێگەی خۆی بکاتەوە لەنێو دڵی جەماوەردا. ئەم گروپە یەکەم سیدی خۆی لە ساڵی 2006بە ناوی gangser life بڵاو کردۆتەوە و هەر بەو سیدیە ناویان دەر کردوە دوای ئەوە کۆنسێرتێک لە هۆڵی ئۆسکاری شاری سلێمانی کە

جەماوەرێکی لە رادە بەدەر ئامادەی بوون و پاشان سیدی دووهەمیان بە ناوی K.U.R.D یڵاو کردۆتەوە و پاشان کۆنسێرتێکی تر ئێستاش هەربەردەوامن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 77

## بەرنامەی خۆراکی جیهانی

http://www.kurdipedia.org/?q=200901260926221106

یەکێکە لە رێکخراوە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە ساڵی 1963 دا دامەزراوە و بارەگای سەرەکی لە رۆمای پایتەختی ئیتالیایە و چالاکیەکانی لە زیاتر لە 89 دەوڵەتی جیهاندا وەگەڕخستووە و لە دوای راپەرینی ساڵی 1991یشەوە لقی خۆی لە هەرێمی کوردستان کردۆتەوە. ئەم رێکخراوە یارمەتی خۆراکی و بەرنامەکانی پێشخستنی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتە جیاجیاکاندا پیادە دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: خێرخواز

وڵات: دەرەوە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 78

## بەرەی تورکمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012121817080774374

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: رامیاری

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 79

## بەرەی یەکگرتووی کورد لە ئێران

http://www.kurdipedia.org/?q=20081221203121915

لە ساڵی 2005 دامەزراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | رامیاری |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 80

## بەندیخانەی ئەوین

http://www.kurdipedia.org/?q=201102010924133308
3




...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 81

## بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری مین

http://www.kurdipedia.org/?q=200901271125091171

لە ساڵی 1999وە دامەزراوە و لە بواری هۆشیاریی مین و مین هەڵگرتنەوە کاردەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 82

## بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازیی کۆمەڵایەتیی گەورانی سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=200905271335221777

لە ساڵی (1997) دامەزراوە، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هەموو ئەو سزادراوانە لە خۆ دەگرێت کە بەهۆی هەڵە و دەرچوونیان لە بەندەکانی یاسا، رووبەڕووی یاسا دەبنەوەو لە رێگەی دادگاوە هەر سزادراوێک بەپێی تاوانەکەی سزای بەسەردا دەدرێت و دواتر رەوانەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە دەکرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| رێکخراو: | کۆمەڵایەتی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 83

## بەڕێوەبەرایەتیی فڕۆکەوانیی کشتوکاڵی

http://www.kurdipedia.org/?q=200901281648501222

سەربە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی سلێمانییە و ساڵی 2005 دامەزراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| رێکخراو: | حوکومی |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 84

## بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری مین

http://www.kurdipedia.org/?q=201001040122553080

لە مانگی تشرین یەکەمی ساڵی 1988 لەژێر ناوی (بەڕێوەبەرایەتی مین هەڵگرتنەوە) وەک بەشێک لەناو دیوانی وەزارەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری لە ئیدارەی ئەو کاتەی سلێمانی دامەزرا بۆ هاوکاری و هاریکاری رێکخراوی UNOPS-MAPلە ماوە بوونی UN لە کوردستان دا کارەکان لەلایەن ئەوانەوە بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوە دەچوو لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەڕێوەبەرایەتی یە هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە بۆ بەخۆماڵی کردنی بەرنامەکە و ئەو هەوڵانەش دامەزراندنی رێکخراوی پیرمام و باواجی و هۆشیاری لێکەوتەوە کە لە ئێستادا جێبەجەی کارەکانیان لەبواری پاکسازی مین و تەقەمەنی دا دیار و بەرچاوە.
دوای نەمانی UN یش لە عێراق و کشانەوەیان لە بواری بەرنامەی چالاکی مین بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەرنامەکە لەڕووی راپەراندنی کارەکانەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە سەربەست کراو بۆ ئەو مەبەستەش

(بەڕێوەبەرایەتی مین هەڵگرتنەوە) زیاتر فراوان کراو لە ساڵی 2004ەوە بوو بە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین) کە راستەوخۆ سەر بە وەزارەتی پەیوەندی و هاوکاری سەر بە ئیدارەی سلێمانی بوو، دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر جارێکی تر (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین) خرایە ژێر چاودێری (وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری) مانگی تەمووزی ساڵی 2006 ەوە، تا ئێستاش بەرنامەکە بەو جۆرە بەردەوامە کە لە رووی ئاماری کاری راپەراندوە بەرهەمی چالاکیەکانی پاکسازی و هۆشیاری زۆر زیادی کردووە لەگەشە سەندنە.
سەرچاوە: ماڵپەری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری مین

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: ژینگەپارێز

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 85

## بەڕێوەبەرێتی چالاکی هونەری زانکۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=2012081210510272123

ساڵی 1971 بەڕێوەبەرێتی چالاکی هونەری زانکۆ کرایەوە و ئەندامەکانیشی بریتی بوون لە قادر کوردی، ئەنوەر توفی، ئەنوەر قەرەداغی، سمکۆ عەزیز، پاشانیش ئەحمەد سالار، شەماڵ صائیب..هتد. یەکەم بەرهەمیشیان درامای تەلەفزیۆنی (لالۆ کەریم)بوو، هەروەها لەبەرهەمە شانۆییە دیارەکانیشیان (ئۆتێلۆ)بوو لە نوسینی (شکسپیر) و وەرگێران ودەرهێنانی (ئەحمەد سالار). ئەم بەڕێوەبەرێتییە لە هەموو بەشەکانی هونەر پێکهاتبوو، جێگەی باسیشە بە وتەی هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی یەکەم ستۆدیۆی دەنگ کە لەشاری سلێمانی کرابێتەوە سەربەم بەڕێوەبەرێتییە بووەو لەساڵی 1971، خانوویەکیشی بۆ بەکرێگیرابوو، یەکەم گۆرانیش کەتیایدا تۆمارکرابێ گۆرانی (جادە چۆڵ و سێبەر بوو)ی قادر کابان بوو.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (داناز عەبدولڕەحمان) سەبارەت بە (بەڕێوەبەرێتی چالاکی هونەری زانکۆ) لە: 11-8-2012 15:06:12

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: هونەری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 86

## بەڕێوەبەرێتی هونەری شانۆ لە سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012081409332172136

له ساڵی 2005دامەزراوەو یەکەم بەڕێوەبەریشی هونەرمەند(میدیا ڕەوف)بووە، کەناسراوە بە (هیوا ڕەوف). هەروەها یەکەم بەرهەمی شانۆیشی بریتی بووە لە شانۆیی (هێشتا قسەکانمان تەواونەکردووە) نوسین و دەرهێنانی (گەزیزە) لەرۆژی 27-31/ 2006/3 پێشکەشکراوە.
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (داناز عەبدولڕەحمان) سەبارەت بە (بەڕێوەبەرێتی هونەری شانۆ لە سلێمانی) لە: 11-8-2012 15:11:51

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕێکخراو: هونەری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 87

## بەڕێوەبەرێتیی فێرکردنی گەورە لە گەرمیان

http://www.kurdipedia.org/?q=200901271128061172

لە 15ی فێبریوەریی ساڵی 2002دا دامەزراوە و سەر بە بەڕێوەبەرێتیی گشتی پەروەردەی گەرمیانە کە ئەویش سەر بە وەزراەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕێکخراو: پەروەردەیی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 88

## پاراستن

http://www.kurdipedia.org/?q=200911011921282170

دەزگایەکی هەواڵدەرییە و سەربە پارتییە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

ڕێکخراو: هەواڵدەری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 89

## پارتی ئازادی و دێمۆکراسی

http://www.kurdipedia.org/?q=20111011121237622886

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | ڕامیاری |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 90

## پارتی ئازادیی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20121023100207233923




...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | ڕامیاری |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ڕیسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 91

## پارتی ئازادیی کوردستانی ئێران - پاکی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110425102016566913



له پاک جیابوونه‌ته‌وه

تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی بابه‌ت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | رامیاری |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 92

## پارتی ئاشتی و دیموکراسیBDP -

http://www.kurdipedia.org/?q=20100208155943342l

یان ب.د.پ (بە کورمانجیPartiya Aştî û Demokratiyê :، بە تورکی Barış : ve Demokrasi Partisi)پارتێکی سیاسی لە باکووری کوردستان و وڵاتی تورکیا کە هاوکات لەگەڵ داخستنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک دامەزرا.
ب.د.پ لەسەر ئەگەری داخستنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی لە 3ی ئایاری 2008 دامەزرا. لە یەکەمین کۆنگرەی ئاسایی بدپ، کە لە 7ی ئەیلوولی 2008 لە ئامەد بەڕیوە چووە، شارەداری پێشووی گمگم، دەمیر چەلیک وەکوو سەرۆکی گشتی بدپ هاتە هەڵبژاردن.
هێمای ئەم پارتە برتییە لە دارێکی بەڕوو لە سەر زەمینەیەکی زەرد. بەڕوو لە فەرهەنگی کوردەواریدا نیشانەی خۆراگری و سووربوون و سەربەرزییە.
نەجمەدین غولامی، سترانبێژی کورد لە بەندێکی گۆرانییەکی خۆی دا دەڵێت: دار بەڕووم، گەر بێن بۆ پرینم بە گژی تەور دا دەچم.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی بابه‌ت

| | |
|---|---|
| ڕێکخراو: | رامیاری |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 93

## پارتی بەرخودانی رۆژئاوای کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=201009061407189372

لە ساڵی 1999 دامەزراوە

تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی بابه‌ت

ڕێکخراو: ڕامیاری
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 94

## پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20081221191115899

کورتکراوەکەی پەچەدەکەیە، ساڵی 2003 دامەزراوە و تا ئێستا مۆڵەتی فەرمیی کارکردنی لە هەرێمی کوردستاندا نییە، بەڵکو تەنها مۆڵەتی کارکردنی لە حکومەتی ئێراقییەوە هەیە و بەشداریشی لە هەڵبژاردنەکانی ئێراق کرد، بەڵام هیچ کورسیەکی لە پەرلەمانی ئێراق بەدەست نەهێنا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕێکخراو: ڕامیاری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 95

## پارتی چەپی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20091102125600219 8

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ڕێکخراو: ڕامیاری
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 96

## پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا - الپارتی

http://www.kurdipedia.org/?q=20111223131329634 89

ساڵی 1957 لەلایەن مەلا مستەفا بارزانییەوە دامەزراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

رێکخراو: رامیاری

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 97

## پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا

[http://www.kurdipedia.org/?q=2013122120014187135](http://www.kurdipedia.org/?q=2013122120014187135)




...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

رێکخراو: رامیاری

وڵات: باکووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 98

## پارتی رەفای ئیسلامی

[http://www.kurdipedia.org/?q=2012112520213273914](http://www.kurdipedia.org/?q=2012112520213273914)

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: دەرەوە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 99

## پارتی ژیانی ئازادی کوردستان - پژاک

[http://www.kurdipedia.org/?q=20081221185858895](http://www.kurdipedia.org/?q=20081221185858895)

پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک یان PJAK) گروپێکی چەکداری کوردیی نەتەوەییە کە بنکە سەرەکییەکەی لە باکووری عێراق (باشووری کوردستان)ە و چەندین هێرشی کردۆتە سەر پارێزگای کوردستان لە ئێران و ناوچە کوردنشینەکانی تر.
پژاک ئەندامی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتیی کوردستانە (کۆما چڤاکێن کورستان(KCK - ، کە هاوپەیمانێتیەکی گروپە نایاساییە کوردەکان و کۆمەڵەکانە و لەلایەن ئەنجومەنێکی جێبەجێکاریی هەڵبژێردراوەوەسەرکردایتی ئەکرێت. پەکەکەش، کە لە لایەن چەند دەوڵەت و دامەزراوەیەکەوە لەسەر ئاستی جیهانیی – لەوانە ئەمریکا، ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا، بەدامەزراوەیەکی تیرۆریست لە قەڵەم دراوە، ئەندامی KCK یە.
بەپێی وتارێکی نوێی نیویۆرک تایمس پژاک و پەکەکەبەئەگەرێکی زۆر یەکێکن، و یەک ئامانجیان هەیە: هەڵمەتی شەڕ بۆ دەستکەوتنی ئۆتۆنۆمی و مافەکانی کورد لەئێران و تورکیا. سەرکردایەتییان هاوبەشە، هەروەها لۆجستیک و وەفادارییان بۆ عەبدوڵلا ئۆجەلان، سەرکردەی پەکەکەکە ئێستا لە ئیمرالی زیندانییە.
سیاسەت و پێکهاتە:
سەرکردەی ئێستای رێکخراوەکە حاجی ئەحمەدییە. بەگوێرەی واشینگتۆن تایمس، نیوەی ئەندامانی پژاک ژنن، زۆرێک لەوانە لە تەمەنی هەرزەکارییدان، و یەکێک لەو ژنانەی کەلەئەنجومەنی سەرکردایەتییە، گولستان دوگانە کە دەرچووی بەشی دەروناسییە لە زانکۆی تاران.
ئەمەبەپێی ئەو راستییەی کەپژاک پشتگیرێکی بەهێزی مافەکانی ژنانە.
پژاک پروای وایەژنان ئەبێت رۆڵی بەهێزی خۆیان ببین لەدەسەڵاتدا و یەکسان بن لەگەڵ پیاودا لەپلەکانی سەرکردایەتییدا.
پژاک ئەندامی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتیی کوردستانە(کۆما چڤاکێن کورستان .(KCK ژمارەیەک لە گروپ و کۆمەڵەکوردییەکان و لەژێر چەتری KCK ەی دان، کە لە لایەن کۆمیتەیەکی هەڵبژێردراوی جێبەجێکارییەوە سەرکردایەتی دەکرێت KCK .ی بەرپرسە لە چەند بڕیارێک و زۆر جار لەجیاتی ئەندامەکانی لێدوانی رۆژنامەنووسی ئەدات. پژاکیش چەند بەشێکی هەیە. باڵی سەربازیی پژاک ناوی رێکخراوی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان (هێزێن رۆژهەڵاتا کوردستان .(HRK – پژاک باڵێکی ژنانیشی هەیە، تایبەتەبەکارکردن بۆ بەرژەوەندی ژنان لەناو گروپەکەدا و بەرژەوەندی ژنان بە گشتی، ناوی ئەم باڵەیەرجەریکایە.
وەکو ئامانجە هەنووکەییەکانی پەکەکە لە تورکیا، سەرکردەکانی پژاک ئەڵێن ئامانجە درێژخایەنەکانمان دامەزراندنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمە بۆ کورد لەناو دەوڵەتی ئێراندا. بایەخی تایبەتیان لەسەر لابردنی دەوڵەتی دینییە لە ئێران و دانانی حکومەتێکی دیموکرات و فیدراڵ لەجێگەکەی، کەتیایدا خود-کارگێری بۆ دەستەبەر کرێت بۆ هەموو کەمینەنەتەوەییەکانی ئێران، بە عەرەب و ئازەری و کوردییشەوە.
پێکدادانی چەکداریی و دەستگیرکردنەکان:
لە تۆڵەی ئەو 10 کوردەی لە خۆپیشاندانەکەی ماکۆ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە کوژران، لە 3ی ئەپریلی 2006 دا، پژاک 24 ئەندامی هێزەئەمنییەکانی ئێرانی کوشت. لە10ی ئەپریلی 2006، 7 ئەندامی پژاک لە ئێران دەستگیر کران، بە گومانی ئەوەی کەبکوژی 3 کەسی هێزەئەمنییەکانی ئێران بن. جیهان نیوس ئەیجنسیی چاپی ئەستەمبوڵ باس لە کوژرانی زیاد لە 120 ئەندامی هێزەئەمنییەکانی ئێران دەکات لە 2005 دا لەلایەن پژاکەوە.

پژاک لە 8ی مەی 2006 لە کرماشان بۆمبێکی تەقاندەوە و بووەهۆی بریندار بوونی 5 کەس لەناو بینایەکی دەوڵەتییدا.
لە شەش مانگی یەکەمی 2006دا، هێزەئەمنییەکانی ئێران چەند جارێک رووبەڕووی گەریلاکانی پژاک بوونەتەوە لەسەر سنوور و ناو خاکی ئێراندا.
لەوکاتەوە، کەناڵی هەواڵی ئەمریکی MSNBC باس لەوە دەکات کە سوپای ئێران بەدرێژایی سنوور بۆمبارانی بۆ سەر دێهاتە کوردییەکانی ناو خاکی عێراق – کە لەلایەن ئەمریکاوە دەستی بەسەردا گیراوە، دەست پێکردووە، ئەمە لە کاتێکدایە بە وتەی خۆیان مەبەستی سەرەکییان چەکدارانی پژاکە. ژمارەیەک خەڵکی سیڤیل کوژران. پژاک بانگەشەی ئەوە دەکات کە گەریلاکانی لە ناو خاکی عێراقدا چالاکی شەڕ دەکەن، لە ئۆگەستی 2007، کاریان کرد بۆ خستنەخوارەوەی هەلیکۆپتەرێکی سەربازیی ئێرانی کەخەریکی بۆمبارانی ناوچەکەبوو.
پەیوەندی بە دەوڵەتی ئەمریکا و پێکهاتەی سەربازیی:
پژاک زۆر نزیکە لە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە (پەکەکە، پێیشی دەڵێن کادەک، کۆنگرەی گەل و(KGK ، کە بە رێکخراوێکی تیرۆریستی بیانی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە لە قەڵەم دراوە.
لە 16ی ئەپریلی 2006، دێنیس کەسینیچ-ی ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکی نامەیەکی بۆ جۆرج دەبلیو بوش نارد تیایدا بیروبۆچوونی خۆی دەبڕیبوە کە دەبێ ئەمریکا پشتگیری و هاوکاری پژاک بکات چونکە پژاک لەناو خاکی عێراقدایە و عێراقیش لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سوپای ئەمریکادایە.
لە نۆڤەمبەری 2006، سیمۆر هێرشی رۆژنامەنووس لە "زەنیویۆرکەر"، پشتگیریی ئەم بۆچوونەی کرد بەوەی کەسوپای ئەمریکا و ئیسرائیلییەکان هاوکارییان دەکەن لەرووی ماددیەوە، راهێنانیان پێ دەکەن و زانیارییان دەدەنێ لەسەر ئامانجەکانیان، بەمەبەستی دروستکردنی فشارێکی ناوخۆیی لەسەر ئێران.
ئەمەلەلایەن ئەمریکا و پژاکیشەوەرەتکرایەوە. لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ "سلەیت مەگازین" لە جونی 2006، وتەبێژی پژاک ئیحسان وریا لێدوانێکی دا کە"پژاک خۆشحاڵ دەبوو ئەگەر بەکرێگیراوی ئەمریکا بووایە، و نائومێدەلەوەی واشنتۆن تا ئێستا هیچ پەیوەندییەکی پێوەنەکردوون." وتارەکەی "سلەیت" بەردەوامە، باس لەوە دەکات پژاک هیوادارە لەلایەن ئەمریکاوە یارمەتی بدرێت و کاری لەگەڵدا بکات بۆ لە کارلادانی دەوڵەتی ئێران، بەو شێوەیەی هاوکاری حزبە کوردییەکانی کردوەلەعێراق بۆ لە کارلادانی دەوڵەتی عێراق لە ماوەی ساڵانی پێشووی جەنگی عێراق.
لە ئۆگەستی 2007، سەرکردەی پژاک سەردانی واشنتۆن دی.سی کرد بۆ دەستخستنی یارمەتی ئاشکرای زۆرتری ئەمریکی لەهەردوو رووی سیاسی و سەربازییەوە، بەڵام دواتر ئاشکرای کرد کە چەند پەیوەندییەکی سنووورداری لەگەڵ بەرپرسەکانی واشنتۆندا کردووە. یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی پەکەکە لە لێدوانێکدا لە کۆتاییەکانی 2006 رایگەیاند " ئەگەر ئەمریکا پژاکی بەلاوە پەسەند بێت، ئەبێت پەکەکەشی بەلاوەپەسەند بێت" بەئاماژەدان بۆ ئەو هاوپەیمانێتییەی لە نێوان ئەو دوو گروپەدا هەیە و هەروەها ئەندامێتییان لە کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتیی کوردستان.KCK –
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت
رێکخراو: رامیاری

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 100

## پارتی سەربەخۆیی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20101105164057105 77

لە ساڵی 1990 لە سەر بنەمای سەربەخۆییخوازی بۆ کوردستان دامەزراوە، ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان و دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردستانە. لەگەڵ ئەوەش کە ئامانجێ ئێمە سەربەخۆیی کوردستانە، لە ئەگەری روخانی رێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان، ئەوە خەڵکی کوردستانە کە لە رفراندۆمێکی ئازاد دا داهاتووی خۆیان دیاری دەکەن.

ئێمە پێمانوایە:

کورستان وڵاتێکە بە پێی نە خشە ی ئیمپریالیستی دوای جە نگی جیهانی یە کە م داگیر ودابە ش کراوە. ئە وداگیر و دابە ش کردنە لە شێواز و فۆرمی سە ر بازی، سیاسی، ئابووری و فە ر هە نگیە وە بە ر چاوە ولە رێگای رژیمە داگیر کەرەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریە وە هەتا ئێستەش درێژەی هەیە.

کوردستان یک وڵات و کۆرد یک نەتەوەیە. ئەم سنوورە دەستکرانەی هەنووکیی بە فەڕمی ناناسین.

خەبات لە کوردستاندا، خەباتی رزگاریخوازی یەکجاریە وناکۆکی سەرەکی ناکۆکی بەینی نەتەوەی کورد و داگیر کەرانی کوردستانە.

خە باتی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد، خەباتێکە ئینسانی، ئازادیخواز، دیموکراتیک وپێشکەوتوو، خەباتێکی یەکسانیخوازە دژ بە دواکەوتویی وکۆنە پەرەستی و چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان.

خەباتی رزگاریخوازی یەکجاری و رەهایی نەتەوەی کورد، تێکۆشانێکی بەر هەق و ئینسانیە و لە هەمان کاتدا تاکە رێگای خەباتە.

پشتیوانی بزوتنەوەکانی دژی داگیرکەرانی وڵاتەکەمان دەکەین، بە پلاتفورم و تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆمانەوە. ریفراندۆم لە کوردستان یەکێ لە خاڵە سەرەکیەکانی ئەو پلاتفۆرمەیە.

خەباتی سیاسی، مەدەنی و دیپلوماسی بە رەوا و بە خەباتی خۆمانی دەزانین.

هەوڵ دەدەین بۆ گەڕانەوەی مافی بریاردانی خەڵک، کە بە درێژایی مێژو لێی زەوت کراوە، لە رێگای ریفراندومەوە بکەینە کولتورێکی کۆمەڵایەتی.

لایەنگری یەکسانی رەگەزین لە هەموو بوارەکانی ژیان لە کۆمەڵگادا.

پرِوامان بە پاراستنی مافی مندالان، لە چوارچێوەی کۆنواسیونی مافی منداڵانی نەتەوەیەکگرتیوەکان، هەیە و هەوڵی بۆ دەدەین.

پڕوامان بە پلورالیزمی سیاسی هەیە.

لایەنگری برایەتی نەتەوەکانین و هەوڵ بۆ ئاشتی جیهانی دەدەین.

پڕوامان بە یەکسانی ژن و پیاو هەیە و خەباتی بۆ دەکەین.

پڕوامان بە ژینگەپارێزی هەیە و هەوڵی بۆ دەدەین.

ئێستاش لە سەدەی 21یەکدا بە پێی ئەو زوڵم و زۆر و تاوانانەی بەرەنبەرمان دەکرێت ولاتەکەمان کۆلۆنیە و بگرە لە کۆڵونیش زیدەترە.

له کوردستان نەک هەر مافی مرۆڤ، بەڵکە مەوجودیەت و ناسنامەی نەتەوەییشمان هەرەشەی فەوتانی لە سەرە.
لە مێژوی وڵاتانی کولونی، داگیرکەران تەنیا تالانی هێزی کار و داهات و سەرچاوە داراییەکانیان کردووە، بەلام لە ولاتی داگیرکراوی ئێمەدا بێجگە لە تاڵان تەنانەت کوشتنی بەکۆمەڵ، ژینوسایدو لە بەین بردنی کولتور،مێژوو، خاک زۆر ئاساییە.
بۆ وێنە:
قەتل وعامی کوردانی دەرسیم لە کاتی دەسەڵاتی ئەتاتورک.
راگواستنی کوردان لە جێگا و رێگای خۆیان.
ئینکار و بێناسنامە کردنی کوردان لە رۆژئاوا (سوریا) بە شیوەیەک نەتوانن خاوەنی ماڵ و دارایی خۆیان بن .
ئینکاری نەتەوەی کورد لە تورکیا و ناسینیان وەک تورکی کێوی.
کارەساتی هەلەبجە.
وێرانکردنی زیاتر لە 4000 گوندی ولاتەکەمان .
کارەساتی شومی ئەنفال.
بە عەرەب و فارس و تورک کردنی ناوچەکانمان .
کارەساتی قاڕنێ و قەڵاتان.
جیهادی دژی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.
بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت.
ئێعدامی یەک لە دوی یەکی رۆڵەکانی ولاتەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان .

وێرانکردنی ژینگە بە چەکی قەدەغەکراو .
دواکەوتوویی ئابووری
لەگەڵ ئەم هەموو تاوانە ئاشکرایانەی کە بەرانبەر بە نەتەوەی ئێمە دەکرێت، هەتا ئێستا هیچ ئاڵترناتیف یان پلادفورمێک لە لایەن یوئێن و باقی دەسەڵاتدارانی جیهانەوە کە خۆیان بە لانکەی دیموکراسی و مرۆڤدۆستی دادەنێن بۆ رزگاری ئەم نەتەوەیە پێشکەش نەکراوە.
ئێستاش کوردستان لە ژێر ئەم بارە نالەبارانەدا دەناڵێنێ .
دەرسەدێکی یەکجار زۆر لە خەڵکی ئێمە بێکارە، ژنان کە نیوەی کۆمەڵگان نزیکەی تەنیا 10لە سەدیان لە کاردان، رێژەی بێکاری پیاوان دەگاتە زیاتر لە 25لە سەد.
گەنجان
رێژەیەکی یەکجار زۆر لە گەنجان بێکارن.
زۆربەی ئەو گەنجانەی خوێندن و زانکۆیان تەواو کردوە، یان بێکارن یان بە کارێکی لاوەکی لە خوێندنەکەی خۆیانەوە مەشغوڵن .
بەشیکی زۆر لە گەنجان لە بەر بێدەرامەدی ناتوانن خێزان پێک بهێنن .
ناوەندی بارهێنا و ناوەندی تەفریحی و وەرزشیان زۆر کەمە .
رادەی گیرۆدەبوون بە مادە بێهۆشکەرەکانەوە لە کۆمەڵگا دا بەگشتی و لە ناو گەنجاندا بەتایبەتی لە زیاد بوندایە. دەسەڵات خۆی لە رێگای دەست و پێوەندەکانیەوە بە شیوەی بەرنامەی داڕێژراو پەرە بە بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە دەدات.(رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی(
بێ هیوایی و ناهومێدی لە ناو کۆمەڵگا بەگشتی و لە ناو گەنجان بەتایبەتی لە پەرەسەندن دایە.
ژنان
بێجگە لە ستەمی نەتەوایەتی، بە هۆی دەسەڵاتی ئیسلامیەوە ژنان بە نیوەی پیاو دەژمێردرێن .

ژنان لە باری کۆمەڵایەتی، داهات، سەرپەرشتی منداڵان و شوێنی ژیان هیچ پاڵپشتێکی کۆمەڵایەتیان نیە.
ئەم هۆیانە وایان کردوە کە ژنان ملکەچی دەسەڵاتی پیاوان بن .
ژنان بەهۆی بێداهاتی خاوەنی پێگەیەکی لاوازن لە کۆمەڵگادا .
ساڵانە دەیان ژن لە ژێر پەردەی پاراستنی ناموس دەکوژرێن بە بێ لێپەسینەوە .
دیاردەی سەنگسار دیاردەیەکی باوە لە کۆماری ئیسلامی ئێران.
مندالان
لەگەل ئەوەی داگیرکەران و بەتایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران کۆنوانسیونی مافی منداڵانیان واژۆ کردوە بەلام پێشێلکاری ئاشکرای مافەکانیان داکەن.
زۆربەی مندالان خاوەنی دنیای مندالی خۆیان نین .
خوێندن بە زمانی دایکی لە مدرەسەکاندا قەدەغەیە.
مندالی کار لە کۆماری ئیسلامی ئێران دیاردەیەکی ئاساییە.
پاڵپشتی بۆ مندالان لە لایەن دەسەلات و کۆمەڵگاوە نیە .
ئالودەبوون بە مادە بێهۆشکەرەکان لە ناو ئەم توێژەشدا روو لە زیادبوونە .
ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی
لە کۆماری ئیسلامی ئێران و سوریە ئازادی سیاسی، کۆمەڵایەتی، بیرورا، رۆژنامەگەری و میدیا هیچ بوون و مانایەکی نیە.
لە ولاتی وەک تورکیاش، لە ژێر زەختی ئوروپاو هێزی ئوپوزیسیونی دەرەوە و ناوەوەی وڵات، بە رەواڵەت هەندێ رۆژنامەی کوردی یان تورکی دەنگ ئازاد هەن کە ئەم رۆژنامانەش رۆژانە بە هۆی دەربرینی بیروڕای جیاواز دادەخرێن و نووسەر و خاوەن ئیمتیازەکانیان رەوانەی بەندیخانەکان دەکرێن.
دەسەڵاتی خەڵک وەک نوێنەرایەتی شارەوانیەکان کە بە پێی هەڵبژاردنی خۆیان هاتونەتە ئاراوە. لە باتی ئەوەی هاوکاری بکرێن، تەگەرە دەخرێتە کارەکانیان و دەسبەسەر دەکرێن و رەوانەی بەندیخانەکان دەکرێن .
زیندانەکان لە خەڵکی بێتاوان ئاخنراون و چالاکانی مەدەنی چاوەڕێی ئێعدامن .
ژینگە
ژینگەی کوردستان لە ژێر سیاسەتی داگیرکەرانەی ئەو رژیمانە رولەفەوتانە.
بە بیانووی ئەحزابی کوردی چیاکانی کوردستان رۆژانە بە چەکی قورس و قەدەغەکراو بۆمباران دەکرێت. دێهاتەکان چۆڵ کراون و خەڵکی گونداکان ئاوارە کراون.
بەهۆی ئەم بۆمبارانانەوە، ئاگر دەکەوێتە چیاکان و ژینگە و لەوەڕگەکان لەناو دەچن.
بەهۆی نەبوونی پرۆژەی دروست و زانستی و بەکارهێنانی بە هەڵەی ئاو، ئاوی کانی و چومەکان روولە کەمبوونە .
دەریاچەی ورمێ رولە کەمبوون و هەرەشەیە بۆ ژینگە و مەلە رەوەکەکان ئاو و هەوای ناوچە بەگشتی روو لە گۆران دایە و دروستبوونی گێژەڵوکە و بارینی خۆڵ و تاریکبوونی هەوا لە رۆژدا، باس لە رەوتی خێرای پیسبوونی ژینگەدەکات.
ئابووری
کۆماری ئیسلامی ئێران بە هاوردەکردنی بێ رەویەی دانەوێڵە، بەربەرەکانێ لەگەڵ بەروبومی جوتیارانی خۆیی داکات.
تەگەرە دەخاتە پێش فرۆشی دارایی جوتیاران، بە شیوەی شیاو داهاتەکانیان ناکڕێت و پشتگیری پێویستیان ناکات.
لەگەڵ ئەوەی کوردستان دەولەمەندە لە باری کانزاییەوە، بەڵام بوونی

کارخانە زۆر کەم و لاوازە، لە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی تر.
ئێستاش لە دوای شەڕی یەکەمی کەنداو و دانانی هێڵی 36 و لاواز بوونی دەسەڵاتی سەدام و لە دواییدا روخانی و گۆرانی هەندی معادلاتی سیاسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کورد بوە خاوەن نیمچە دەسەڵاتێک لە باشوری کوردستان. ئەم نیمچە دەسەلاتە بە هەموو کەموکوریەکانیەوە بوەتە روناکی و ئاواتی کوردی باقی پارچەکانی دیکە.
داگیرکەران چاوی دیتنی ئەم روناکیەیان نیە، هەریەکە لە لایەکەوە بەربونەتە جەستەی لاوازی.
تورکیا و ئێران بە هاوکاری سوریە، بە درێژایی ئەم چەند ساڵە بە بەهانەی بوونی پارتە کوردیەکان، بەردەوام بە چەکێ جوراوجۆر و قەدەغەکراو ناوچە سنوریەکانی باشوری کوردستان بۆمباران دەکەن. بە دەیان کەس کوژراوە و بە هەزاران کەس ئاوارە بوون، ژینگە سوتاوە و مال و دیهاتەکان روخاون و چول کراون، بە هەزاران ئاژەڵ و پەلەوەر تیاچوون.
تورکیا هەر چەند ماوە بە سەدان هەزار هێزی سەربازی کۆ دەکاتەوە و هێرش دەکاتە کوردستان.
